بەهار بوو، تازە کوێستانەکان خاڵ بەڵەکیان تێ کەوتبوو. پەردەی سەوزی بەهار دیمەنی کەژ و کیوەکانی رەنگاندبوو. گوڵەمێلاقە و شلێر و بەیبوون سەریان لە ئاخ وەدەرنابوو. پۆلی قازوقورینگ بە قارە قار بارگەی سەفەریان بەستبوو. پێشمەرگە لەخەم رەخسی و لە تەنگانەی زستانی سەخت رزگاری ببوو. لەو کاتەدا، کە شنەی بۆن خۆشی بەهار گوێی شیناوەردی نواڵ، تیرەک و زنوێرانی دەلەراند. دەستەیەک پێشمەرگە بۆ گەرانێکی ئاسایی بەرەو ئەو ناوچانەی زەبرو زەنگی دوژمنیان بەسەردا زاڵ بوو، وەرێ کەوتین. گەیشتینە هەر گوندێک ژن و پیاو، پیر و جحێل بە پیرمانەوە هاتن و باوەشیان بۆ گرتینەوە. ماچیان کردین. خواردەمەنیان بۆ هێناین. کیژان سەروکلاو و گۆرەوی مەرەز و بەرکنیان بە دیاری داینێ. شوانەکان هەمبانەی نان و شیری گەرمیان لە پێش داناین.

پیران دوعای بەخێریان بۆ کردین، بەڵام جاش و سیخوران بۆ ساتێک چاویان لێمان غافل نەبوو قەرێ قەرێ‌یەنیان لەگەڵ دەکردین! هەر بۆیەش نەمان دەتوانی زۆر لە شوێنێک بمێننەوە و بە دایم لە جەولە دابووین.

لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا، کە نمنم. باران دەباری، خۆمان گەیاندە نێو ئەشکەوتێک، بە درک و داڵ ئاورمان کردەوە و لە دەوری کۆبوونەوەمان گرت. لە کۆتایی دا بەو ئاکامە گەیشتین، بە چەند مەفرەزە دابەش بین و هەر مەفرەزە بەرەولایەک، بە هاواری دانیشتوانی ئەو گوندانەوە بچین، کە ماوەیەک بوو. دوژمن بەبێ تاوان پەلاماری دەبردنە سەر و گوندەکانی بەسەردا وێران دەکردن.

هەر مەفرەزە رێگای شوێنی پێ ئەسپاردراوی خۆمان گرتەبەر. هێشتا هەتاو گزینکی نەدابوو، لەسەر لووتکەی چیایەکی بەرزرا ئەو ئاواییەی مەبەستی مەئموریەتەکەمان بوو، لێمان وەدەرکەوت. ماڵەکان بە بەرقەدی کێوێکی نزم و بەردەلانی قاوەیی رەنگ، روو بە خۆرەتاو بە پاڵ یەکەوە مات ببوون. گابەردەکانی پشت ماڵان لە دوورڕا وەک لەشکرێکی شکاو خۆیان دەنواند.

ئاوایی لە خەو راپەریبوو لە کولانگەی ماڵان را دووکەڵێکی شین بەرز دەبۆوە و سەرگوندی گرتبووە ژێر چەتری خۆی.

هۆقە هۆقی گاو گۆل. بارەباری بەرخ و کار. ئۆحە ئۆحی گاوان. زرمە و شلقەی مەشکە، لەگەڵ قوورتە قوتی کەڵەشێر، ئادەمیزادیان بەرەو خەیاڵ و ژیانی خۆش و ساکاری لادێ رادەکێشا.

پاش ماوەیەک پشوودان، لەسەر کێوەکەرا یاڵە و یاڵ داکشاینە خوار. لە داوێنی چیاکە، رووبارێک بە قورت و پێچ تێ‌دەپەری. لە ئاوەکە پەرینەوە. لە نێو بیشەلانێکی چڕوردا تفەنگ و فیشەکدانمان لە خۆ کردەوە، لە ژێر تیشکی هەتاو خەریکی پاک و خاوێنی خۆمان بووین. پاشان یەکێک‌مان بە نهێنی نارده نێو ئاوایی. لەو کەسانەی جێگای متمانە بوون، رامان ئەسپارد، ئەوە ئێمە لە نێو بیشەلانە چڕورەکە داین و چ دەڵێن وابکەین.

چێشتانگاو بوو، ئەو کەسانەی بروامان پێ دەکردن، خەبەریان بۆ ناردینەوە، بۆ کاتی نیوەرۆ بچینە نێو ئاوایی. ئێمەش ئەو کاتەمان پێ باش بوو. لەبەر ئەوەی بە دەگمەن بیندرابوو، دوژمن لەو وەختانەدا هێرش بکاتە سەر گوندەکان و بە پێ‌ی عادەتیان زیاتر سەر لە پارشێوان هێرشیان دەستپێ دەکرد.

خۆمان پۆشتە کردەوە، یەک‌یەک و دوو دوو، زۆر بە هێوری خۆمان گەیاندە ئەو ماڵانەی لە چاوەروانی‌مان دابوو. لە کاتێک دا خەریکی خواردنی نانی نیوەرۆ بووین، ژنان بە پەشۆکاوی و هەڵەداوان لەسەر کانی را خەبەریان هێنایەوە، کە دوژمن بە هێزێکی تەیار و لە ئەژمێر نەهاتوو، نێو گابەردەکانی پشت‌ماڵان و هەر سێ لای دیکەی ئاوایی گەمارۆداوە.

ئەم خەبەرە کوت و پرە بە گوێی هەموو هاورێ‌یان گەیشت و دەستبەجێ لەیەک جێ کۆبووینەوە. بریارمان دا بۆ ئەوەی خەڵکی بێ‌تاوان لە بەین نەچن و بە بیانوی دەست کردنەوەی ئێمە گوندەکە وێران نەکرێ. لە شوێنێک خۆمان مات بکەین ، ئەگەر هەر نەبوو، تا دوایین دڵۆپی خوێن بەرگری بکەین و نەهێڵین کەسمان بە زیندوویی بکەوێتە دەست دوژمن. هەر بۆیە گشتمان چووین لە نێو کادێنێک دا خۆمان حەشار دا. ئەم حەشارگەیە شوێنێکی باش بوو، چونکە سەرەرای ئەوەی کە چەند هۆدەی دیکەی بەسەرەوە بوو، لەسەر پەری ئاواییش هەڵکەوتبوو.

لەدەورویەری ئاوایی تەقە بوو. هارەو نەرەی بولدزێر و تانگ لە دووری ئاوایی دەگەیشتە بن گوێ. تەپەی پێ‌ی هامۆوشۆکەران بە توندی نزیک و دوور دەکەوتنەوە. زیرەو هاواری ژن و مناڵ پسانەوەی نەبوو. دوژمنی رق ئەستوور دەی‌نەراند و بەدەم جنێوەوە دەیگوت:

«بگرن، ببرن، خاپورکەن و بسووتێنن، چونکە ئەوانە یارمەتی جەردەکان دەدەن!»

ئێمە پێ‌مان وانەبوو، دوژمن لە بوونی ئێمە لە نێو ئاوایی دا خەبەرداره، بەڵام هێندەی نەخایاند، خۆفرۆشان وشیاریان کردنەوە و بە ترسەوە کشانەوەدوا، لە دەوری دێ سەنگەریان گرت و پاشان لە بەرزەوێژی مزگەوتی را پەیتا پەیتا داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێ دەکردین. بەڵام ئێمە هیچ وڵامێکمان نەدەدانەوە و هەروا خۆمان مات کردبوو.

www.arsivakurdi.org

ئەم دارستانە کاول بووە جێدەهێڵم
خۆم لە ژێر توێژی تەم و هەوری بۆردا قووتار دەکەم
گوڵێکی یەجگار ئاڵ دەدەمە تۆ
نامەیەکیش لە ئاسمانەوە هاتبێ
نامەیەک پڕی لە گمەی کۆتر و باڵای کوکوختی و
ڕەنگی باڵندەی دەریایە
چەند ئەستێرەیەکیش بە دەستی منداڵ کێشرا بێت
خانوویەکی بچووکیش بە لاری لە ئاسمانەوە شۆڕبێتەوە

لە قوزاخەی وڵاتێکدا توردراوین
تیشکی بینینمان ناگاتە تۆ
تۆش لە پشت سێبەرەکاندا
قوزاخەی وڵاتان دەژمێری
تۆی چارزگە و تۆی با

نە پەنجەرەیەکمان هەیە
بای شەماڵ ڕوی تێکا
نە دەنکە کولەکە بە شێنەیی بەهاران تیایا سەر دەردەکا
نە چۆلەکە هاجەکانیش دەنیشنەوە
نە بەردێکی حەبیبەمان بەردەکەوێ
نە دەرگامان لەسەر پشتە
نە سواڵکەرێ داوای عانە و هەندێ شۆربای نیسکمان لێدەکا
نە منداڵێ لە حەژمەتا دێتە ژووری و پێدەکەنێ
نە هاوسێیەک بە قیژە و بۆڵە بۆڵەوە داوای
مارەیی مێرد و هەندێ بیبەرمان لێدەکا
نە سەر خانووەکانمان دەست دەخاتە باخەڵی خوا
نە کوللە و گوێسەبانە ئێواران چەشنی بەیداغ دەشنێنەوە

نە نیوە شەو خوای سیاچەمان دێتە خواری
نە سەردەخاتە نێو کزلێت و زنج و خانووە قورینەکان
نە تەماشای ڕەنگی زەرد و لێو بە باری منداڵمان دەکا
نە ئاسایش بۆ داک دێنێ نە هەندێ جار بە دیار نەخۆشەوە
ڕادەمێنێ
(لەم دارستانە شێ دارە دەمێکە خوا ئەمری خوای
بەجێهێناوە)

جارێکی تریش دەڵێم:
کێ فرێی دامە ئەم بیرەوە؟
زایەڵەی دەنگم دەرخت قووتی دەدات
چزراوەگەی ئەڤینم بەرد قووتی دەدا

لە وێندەرێ
لە وڵاتەکەی «مام زوراب»
هێشووە ترێ دەڵکێتە دەروون
بەیانیانی زۆر ڕووناکتر لە خوا
ئۆخژن دەداتە دڵ دڵ دەکاتە نیشتمان

لە وێندەرێ
لە وڵاتەکەی «نەجمەددین»
دونیا دەبێتە کەشتییەک ئای چ کەشتییەک
هەموو فێری ئەڤین دەبین فێری ناو نووسین

لەوێندەرێ
لە ناوجەگەی هەورەوە
دەست بۆ زەمین درێژ دەکەین
شەوان پەنجە دەئاڵێنینە بسکی ئالۆزکاوی «ست فاتیمە» و
بە دزییەوە تێروپڕ ماچی دەکەین

لە وێندەرێ
بە نهێنییەوە بێ دەنگ چەشنی پێغەمبەر
بەرەو خەڵوەتی یەکەم هەنگاو دەنێین
بە دیار گومانی «مەحوی»یەوە دزش دادەمێنێن

لە وێندەرێ
لە وڵاتەکەی من دا
خۆڵ، خۆڵ، جارێکی تریش خۆڵ
دەیکەینە ئاسمان دەیکەینەوە خۆڵ

کانوونی یەکەمی ١٩٨٨

---

خوێنەری بەرێز

* ئەم ژمارەیە لەبەر چەند گیروگرفتێکی تایبەتی بەکاری ڕۆژنامەگەری کوردییەوە زۆر دواکەوت. داوای لێبووردن دەکەین.

نوسەری بەرێز

* لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کە دەینێرن بۆ بڵاوکردنەوە، تکایە ناونیشانێک بنووسن تا بتوانین سەبارەت بە بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی پەیوەندیتان پێوە بکەین.

بەربانگ

www.arsivakurdi.org

# خۆڵستان

ئەحمەدی مەلا

جێ دەهێڵم ئەم دارستانە
دەست وەردەدەمە نێو ئاسمانێک
کێ دەڵێ بەرە و سارا سڕەکان راونەنراوە ؟
هەر دە پەنجەم دەکەمە کەپری سەرم و
بە گریانەوە خۆتێکەڵی خۆڵستان دەکەم
بەڵکو رۆحە رۆشنەکەم بدۆزمەوە
دەبێ لەسەر چ گاشە بەردێک بێ ناز فڕێ داربێت؟

دەمەوێت چەشنی با بە ئازادی
هەوران بچنە لەشمەوە
چەشنی ئاگر حەوزە لێخنەکان دابگیرسێنم بۆ سیامەستێک
لە سێبەری نیشتمان دەگەرا ئێوارەی لێ‌وون بوو
چەشنی ئاو لە درزی خەونە جیوینی‌یەکانەوە
چاو بتروکێنم
لەنێو چامەیەکدا جریوەم بێت
هەروەک گریان ناخی بەرد جێ بهێڵم
لە ناخ چێودا بگیرسێمەوە

چ ئەفسانەیەک شڕە رایەخێکم دەداتێ
لە قەراغ خوڕرەدا لە نزیک نیشتمان‌دا ڕایخەم؟

ئەم چرە دودە ولاٌتی من نی‌یە
ئەم هەورە نزم و نەویانە هێلانەی لەسەر
چێ ناکرێ
ئەم گەمی‌یەی دلٌمانی لە سەرپشت دایە
فانۆس نێو دەریا و ئاسمانە
بەرەو کوێ بای ڕاڕایی دەیپێچێتەوە ؟
دەبێ تیشکی لێخنی بگاتە کوێ؟
ئەم دارستانە شێ دارە
ژێر هەنگڵمی پڕ قەوزە کرد ڕوخسارمی کردە تەم
چاوەکانمی چەشنی چەوسەوزاند
پەنجەکانم برسی‌یانە
دەئاڵێنە نهێنی ووشە و شەوان بە دیار جەستەمەوە

دادەگیرسێن

لە دوور ڕا
گوێم لە ناڵەی کۆچەرانە پاساری شەو
فڕەفڕ دەکات بە دەورسەریانا
لە دوور ڕا
لە وێندەری
لە ولاٌتەکەی «نالی»

ئەستێرە قەقنەس ئاسا دەبێتە رەژوو
بۆ هەتا هەتایی دۆڵەکان غل دەبێتەوە

(چ جەهەننەمێکە ولاٌتەکەی «نالی» ؟)

قورگم جۆگەلەیەکی شیعرە هەنسک دەدات بە تاسەوە
عەیامێکە بۆنی گریانی نەکردووە
عەیامێکە ئەم قورگەی من تونێلێکە ووشە تیایا
زرینگەی دێت ووشە تیایا دەکوژێتەوە

کێ فرێی‌دامە ئەم بیرەوە ؟
ئازاری کێم دابوو؟
براکانم ئێوارەی کە گەرانەوە خانە خراپ
کراسێکی هونجر هونجریان خستە پێش‌باب
بە خوێنی ئاسکێکی چاو خومار
یەک دوو چمکیان ئاڵ کردبوو

کێ فرێی دامە ئەم بیرەوە ؟
برا کەڵەگەت و جەسوورەکانم رووی دەمیان کردە بابە وتیان
– گورگ و چەقەڵ پەلاماری برالەی داین
ئێمە بەرەوگەمە و قوشمەی خۆ دەچووین
بابە گەلە گورگ کورتی فراند
بابی بابان کراسی هەڵگرت نایە سەر سینە
بۆن و بەرامەی رۆحی بابەی کردە چراخان
کێ فرێی داینە ئەم بیرەوە ؟

www.arsivakurdi.org

نادات بە دەستەوە.

6- Brahmacårya.
7-Vanaprasthya.
8- Karman yoga.
9- Jnana uoga.
10- Bhakti yoga.
11- Citti.
12- Åsana.
13- Pråna.

١٤- «یاسای کاست» لە چوار چینی دیاری کراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێکهاتووە، کە بەرزترینیان دەستەی بەرهەمەنیەکانن و پارێزەری نهێنییەکانی بودا کانن. لەم رێگەیەشەوە بەناو بژی کەری نێوان مرۆڤ و خواکان دەژمێردرێن. دەستەی دووەم، بە دەستەی «کیشاتریا- ksatriya» بەناوبانگن. ئەم زاراوەیە لەگەڵ وشەی «شا»ی فارسیدا لێکەوە نزیکن. ئەمانە دەستەی لەشکر و جەنگاوەرانن و فەرمانیان هەڵسوراندنی کاروباری وڵات و پارێزگاری کردنە لە سنوورەکان. دەستەی سێیەم «ڤاشیڤا- vaisvas»یەکانن و لە چینی خاوەن زەویە بچکۆلەکان و بازرگان و پیشەییە گەورەکان پێکهاتوون. دەستەی چوارەم، کرێکار و جوتیارە هەژارەکانن کە بەرهەم هێنەری بنەرەتی ئابووری کۆمەڵگا پێکدەهێنن. ئەم یاسایە تاوەکو ئەمرۆکەش لە کۆمەڵگای هیندیدا بە هاونرخی خۆی نەدۆراندووە.

15- Varuna.
16- Samsåra.
17- Ahimsa.
18- Atman.
19- Atmanobrahmah.

---

# شیعر و کۆچێکی نیوەچڵ

## ئاشتی

هێند دەرکرام
هێند راونرام
هێند کۆچ درام
«سەگی هیچ کوێم پێناوەڕێ (١) »!
خۆشیان ناوێم،
ماندووم کردوون
هێندەی شەو و نیوەشەوان
خەوی خۆشیان بڕەوێنم......

هێند دەرکرام
هێند راونرام
هێند کۆچ درام
هیچ رێگایەک نامۆیم لێناکا!
خۆشیان دەوێم،
بە قرچە قرچی هاوینێ
بە سەرما و سۆڵی زستانێ،
بە پێخاوسی دەیانشێلم
قۆڵنجیان دەشکێنم......
***
ئەی ئەوانەی پێتان وایە من کۆچەرم!
بە کام شەوی بێ خەوی، بێ ئەوی
خەیاڵتان
دەریا و سنوورەکانی تێپەراند؛
دەستی پێشمەرگەی راموسی و
بە ماچێکی بە دزی گەرم
کیژە کوردی لە خەوی ئالۆز راپەراند؟!

کوڕی نۆبەرەی کامەتان
لە (ئیندرقاش)
سەری بە گوڵمیخ و بزماری هەشتەرخان
وەک وێنەکانی (پیکاسۆ) - کە تێی ناگەن -
لەسەر دیوارتان داکوتراوە؟!

کچی تاقانەی کامەتان
لە (هەڵەبجە)
لە باوەشی
دایکی لە پێش خۆی مردوویدا
توواپەوە،
تەنیا دوو چاوی شینی لێ ماوە
بەرموورێکیان لێ درووست کرد،
لەسەر سینگی خاتوونی سەرمایە
بە هەودایەک ئاڵتوون
هەڵواسراوە؟!

ئەی ئەوانەی
بە زۆر ناوی (کۆچەر) تان بەسەر دابڕیوم!
ئەی ئەوانەی نەوناسیوم!
کۆچم نەکرد،
پێیان کردم......
بیری سەربەستیم لە مێشک دەرنەکرد،
دەریان کردم......

تەنیا ئەوەی
گەرانەوەی لاشیرین بێ
دەزانێ: دووری چەند تاڵە......
تەنیا ئەوەی
(هەڵەبجە)ی لەبیر بێ
دەزانێ کە «بەهاری کورد هەر ئاڵە
چ بە خوێن بێ، چ بە گوڵاڵە»

یادت بەخێر ئەی نیشتمان!
یادت بەخێر ئەی دەسگیران!
یادت بەخێر ماڵی باوان!

یادی بەخێر ئەو سەردەمەی
تەنانەت بیری کۆچکردن
لە لامان مردن بوو؛
ئۆپێرا و دانس و دیسکۆمان
گرمەی پێ و قرمەی
پێشی دوژمن گرتن بوو.

یادی بەخێر ئەو کانییەی
هەر یادەکەی تینووم دەکا.
یادی بەخێر ئەو ئەشکەوتەی،
هێمنی و خانەخوێی کوردانەی
وەنەوزم وێدەخا

یادی بەخێر ئەو چیایەی
بە تاسەی چوونە سەر دوندی
پێی زێدەم لێ دەڕوێ
یادی بەخێر جێژوانی بن پاردەی
ئێوارەکەی پاییز،
نە ئەوە بوو ئەو بێ

نە ئەوە بوو دڵ کڕ بێ
نە ئەوە بوو لەش سڕ بێ
نە ئەوە بوو چاو بنوێ......
............
یادی بەخێر.........
!..........................

بەهاری ١٩٨٩ کەنەدا

١- لە فۆلکلۆر وەرگیراوە.
٢- لە شیعرێکی (هێمن) وەرگیراوە.

www.arsivakurdi.org

دابو بە ئایینی یەزدان پەرستیەوە، دیارە ئەم ئاینە لەگەڵ ئایینەکانی دی هیندۆ- ئەوروپاییدا تەبایی هەبوو. یاساو بنەماکانی ئەم ئایینە لە داستانێکی گەورەدا بە نێوی «ودا» کۆکراوەتەوە. لە خوداکانی ئەم هۆزە دوانیان لە باسەکەی ئێمەدا گرنگی تایبەتیان هەیە: یەکەمیان «ڤارونا» یە «١٥»، کە پارێزگاری یاساو ڕەوتی جیهانە لەناوەراستی سەردەمی دوایدا پلەی یەکەمی لە نێوان خواکانی‌دا بە دەست هێناوە و بۆ یەکەم جار یاسای جیهانی دارشتووە.

خوای دووەم: «بەرەهمەن»ـسە. بەرەهمەن لە ڕەچەڵەکدا بە مانای ویرد و دوعا هاتووە. بەڵام ئێستا ئەم مانایە نادات بەدەستەوە. لە پاش ماوەیەک ئەم وشەیە بە هەمان شێوەی خۆیی بە مانای ڕەچەڵەکی یەکەمی جیهان لێکدرایەوە، لە قۆناغی دوایشدا کرایە هێز و دەسەڵاتی خوڵقێنەر. لە حالەتی «مذکر»یشدا بە مانای خاوەنی دوعا و ڕەمزە ودایی‌یەکان دێت. بەڵام پاشان ئەم ئایینە- یاسا کۆمەڵایەتیە نەیتوانی وەڵامدەرەوەی بابەت و کارەکانی زاناکانی سەردەمی بودابێت، بۆیە هێواش هێواش لەکار کەوت. هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەو زانایانە دەستە دەستە ماڵ و زادەگای خۆیان جێدەهێشت و لە عەوداڵی ڕێگەیەکی تازەدا روویان دەکردە دارستان و بیابانەکان. تاوەکو ئەوە بوو هەوڵی ئەم راهیبە نوێ خوازانە بە هێمنی خۆی خزاندە کۆمەڵەی تێکستە پیرۆزەکانی ودایی‌یەوە و، لەسەر و بەندی ئەمەشدا بیرورای نوێ و مەسەلەی تازە و ڕێگە چارەی دی سەریان هەڵدا. شەرحی هەموو ئەمانەش بە شێوەی «ئۆپانشیاد»ەکان و لە ژێر ناوی «تەواوکەری و داکاندا»- ودانتا- خرایە ڕوو.

***

لێرەدا ژیان و پلەو ئامانجی مرۆڤ لە جیهانی بوون‌دا بە شێوەیەکی نوێ درەوشایەوە. ئەم بیرورایانە جیاوازی ئەوەندە گەورەیان لەگەڵ بیری نەتەوە هیندو- ئەوروپایی‌یەکانی دیدا هەیە، (لەوانەش ئێران و یۆنان)، کە زۆربەی خاوەن راکان بە بوژانەوەی سەرلەنوێی شارستانیەتی هیندیان داوەتە قەڵەم.

گرنگرینی ئەم بیرورایانە، بیری «دۆنایدۆن»ە کە نەلە (تناسخ الارواح) ودا کۆنەکاندا و نەلەلای نەتەوەکانی دی هیندۆ- ئەوروپایشدا نابینرێت. بەپێی ئەم بیرە ژیان وەک ڕەوتی ڕووبارێکی بێ سەرەتاو کۆتایی‌یە و مەرگیش ڕێکەوتێکی ڕواڵەتی و جەستەیی‌یە. کە پاشان مرۆڤ دووبارە لە دایک دەبێتەوە، بەڵام هێندە هەیە ئەم جارەیان دەبێتە چڵێک سەوزەگیا یان باڵندەیەک یان کرمێکی ژێر زەوی یاخود دەبێتەوە مرۆڤ.

لە پێناسەکردنی هێزی دروستکەری شێوەی بوەکان و کەسایەتی مرۆڤ‌دا، هیندیەکان مەزنترین بە دیهاتوی فەرهەنگی خۆیان خستۆتە ڕوو. ئەم هێزەش - کارما- یە. کارما، لە ڕەگی کارەوە بە مانای کردار و چالاکی، فارسی زمانەکان دێت.

لە ئەدەبیاتی بەرەهمەنیدا، کارما بە مانای زنجیرە کردارێکە کە خەڵکی بە هۆی موریدەکانەوە لە پێناو ستایشکردنی خوادا پێیان هەڵدەستن و زیاتریش وەک دیاری و قوربانیدانە بۆ خواکان.

کاتێکیش دەگەینە سەردەمی بودا، کارما دوریەکی دی بە خۆیەوە دەگرێ: هەر بویەک بەردەوام لە حاڵەتی چالاکی و جۆرە کارێک دایە، کە ئەم کارە لە بزوتنەوەیەکەوە دەست پێدەکات و بە ئەنجامێک کۆتایی پێدێت. بووەکانیش، هەریەکەیان پێکهاتویەکن لەم کۆمەڵە کردارانە و بەرهەمی کاری خۆیانن و هەر ئەمەشە شێوە و کەسایەتی و خودێتی تایبەتیان پێدەبەخشێت و لە بازنەی بێ کۆتایی بوون‌دا «١٦» دەیانهێنێتەوە.

کارما، یاسای گۆرانکاری جیهانە و راکردن لێی شتێکی مەحاڵە! مەگەر کەسێک چالاکی و کرداری خۆی بسرێتەوە تا لە پاداشتی چالاکی رابوردویدا گیانێکی نوێی پێ نەبەخشرێ......

(کردەوەی خراپ، ئەو کردارەیە کە ئازاری کەسانی دی بدات و دوڵێنەری خۆپەرستی‌یە و بەرهەمەکەیشی تاڵە. کردەوەی باشیش ئەوەیە کە چاکە بە کەسانی دی بگەیەنێت و جوڵێنەری هیچ شتێک نی‌یە، بەرەنجام و بەرهەمی چاکە نەبێ، لەسەر بنەمای ئەم بیرە کە بە «بێ ئازادی»«١٧» بەناوبانگە زانستی ئەخلاقی هیندی (علم الاخلاق) دامەزراوە و لەم سەدەیەشدا بە هۆی کەسێکی وەک «گاندی»یەوە کرایە تیرێکی بە هێزی سیاسی «ساتیاگرا» کان و پەرەی پێدرا.

هەر لەو سەردەمەدا کە چەمکی کارما توند و تۆڵ و پتەو دەکرا، بیرورای نوێ هاتنە ئاراوە کە ئامانجێکی دیکەیان بۆ مرۆڤ پێناسە دەکرد. جا هەروەک چۆن کارما بوە بڕبڕەپشتی بیری هیندی، بەرەهماش کە مانای ویرد و دوعا و ڕەمزی چاکەکاران بوو، بوە خوایەکی مەزنی خوڵقێنەر کە دونیای لە گەوهەری خۆی دارشتووە و فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکات. ئەم خوایە لەیەک کاتدا بوە دروستکەر و بە دیهێنەری جیهان و هەروەها وەک زەمینەی گشتی بوون و ژیان ناسرا، کە بە یارمەتی «ویشنۆ- شیڤا» پارێزگاری لە جیهانەکەی دەکرد و لە خاپور بوون دەیپاراست.

یەکێک لە بنەما پتەوەکانی فیکری هیندی کاتێک دروست بوو کە ئەم راهیبە دارستان‌نیشنانە بەرەهمایان لەناو دڵی خۆیاندا دیەوە و یەکێتی بونیان- وحدە الوجود- بێکهێنا. ئەوەبوو ئەم یەم بونەیان کردە گەورترین ڕەمزی کتێبەکەیان «١٩».

ماویەتی

***

پەراوێزی ئەم بەشە:

1- Tipitaka.
2- Vinayapitaka.
3-Suttapitaka.
4- Aphidhammapitaka.

٥- لە ئایینی بودایدا، ژیانی بودا رۆڵێکی زیندووی هەیە و وەک ژیانی عیسا وایە لە ئایینی مەسیحی‌دا. ئەم لایەنەی ژیانی بودا لە کۆمەڵەیەکی گەورەدا بە ناوی «جاتاکا» کوکراوەتەوە و بە هایەکی ئایینی زۆری هەیە. بەڵام بەلای مێژوونوسی نوێوە زانیاری راست و دروستی ئەوتۆ

www.arsivakurd.org

دەبوارد. کاتێکیش کورێکی بو ناوی‌نا «راهولا» واتە «کۆت و زنجیر» و هەربە ماوەیەکی کەم دوای لە دایک بوونی ئەم منداڵە شەوێکیان ماڵ و منداڵ و کاشانەی خۆی جێهێشت و دایە جەنگەڵ و بیابان.

****

ژیانی هیندیەکان لە کۆمەڵگادا چوار قۆناغی دیاری کراوی هەیە: قۆناغی یەکەم ئەو قۆناغەیە کە منداڵ بە دیار کاسە و کەوچک و ئاگردانی ماڵە باوانەوە پێدەنێتە سەردەمی باڵغ بوون و پێگەیشتن و بەندوباوەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی فێردەبێت. ئەم قۆناغە قۆناغی پەروەردە بوونە کە تیایدا منداڵ ڕێ و ڕەسمی دین و دونیا فێر دەکرێ و خۆی ئامادە دەکات بۆ قۆناغی دووەم کە دەبێت تیایدا ئاگری ماڵی خۆی بکاتەوە. هەروەها ئەم قۆناغە قۆناغی فێربوون و خوێندنیشە کە (برەهما چاریا)«٦»شی پێدەڵێن.

قۆناغی دووەم، سەردەمی ژنهێنان و ماڵ پێکەوەنان و بەشداری‌کردنە لە ژیانی کۆمەلآیەتی و ئابووریدا. بەم قۆناغە دەڵێن «گری‌هستیا» کە ئێمەش بە «ماڵداری» «ماڵ بەرێوەبردن» وەرمان گێراوە. ئەم قۆناغە سەردەمێکی پڕ تەوژم و چالاکی و داهێنانە کە تیایدا کەسایەتی کۆمەلآیەتی مرۆڤ دەگاتە لوتکەی پشکوتن و هەرکەس بەپێی تواناو لە چوار چێوەی دەسەلآت و توانای خۆیدا بەرهەمی ئابووری و کۆمەلآیەتی خۆی دەبێت.

قۆناغی سێ‌یەم ئەو کاتەیە ژیان گەیشتبێتە لوتکەی گەشەسەندن و ماڵ و دارایی پێکەوە ترابێت. ئالەم کاتەدا پێویستە مرۆڤی پێگەیشتوو واز لە هەموو شتێک بهێنێت و خۆی لەو شتەی کە بووە و هەیە رزگار بکات. واتە ماڵ و منداڵ و دارایی خۆی کە گەورەترین کۆتێ دیلێن بهێڵێت. لێرەدا ماڵداری بەسەردەچێ و ژیان مانایەکی دی بە خۆیەوە دەگرێ کە هیندیەکان پێی دەڵێن «moksa» «موشکا» یاخود ئازادی.

لە قۆناغی ئازادبووندا هیندی ڕوودەکاتە دارستان و بەم قۆناغەش دەڵێن قۆناغی «دارستان‌نشینی» «٧».

هەر بەو هۆیەشەوە کە مرۆڤ کۆت و پێوەندەکان دەپچڕێنێ و خۆی دەداتە دەست ئازادی موتڵەقی ئەوەی کە هەیە و نی‌یە، ئەوا قۆناغی تەنیایی دەست پێدەکات و ئەمەش ڕێگەیەکە کۆتایی بۆ نی‌یە. چونکە مەبەست لە گرتنی ئەم ڕێگەیە خۆدەرباز کردنە لە ڕەوتی بوون. شایانی باسە ئەم ڕێگەیە مایە و کرۆکی سەراپای قوتابخانە فەلسەفیەکانی هیندیە. ئەمە یاسایەکی گشتیە و تایبەت نی‌یە بە چەند کەسێکەوە.

بە دوای قۆناغی ماڵداریدا قۆناغی هەژاری دێت کە لەمەودوا باسی دەکەین. هەژاری پلەیەکی ئیرادی‌یە و دەبێت پێی بگەین...... تاجی ژیانە و شایانی کەسێکە کە لەزەتی جیهانی چەشتووە و وەک لاولاو سەری لێوە دەرهێناوە و پشکووتوە.

******

ئەوەی ئەمرۆ لەگەنجینەی فەرهەنگی هیندیدا ناوبانگی زۆری هەبێ «یوگا- yoga» یاخود شێوەی خۆراهێنان و ریازەتی هیندیە. ئەمەش بڕبڕە پشتی زۆربەی قوتابخانە فیکریە گەورەکانی ئەو سەرزەمینەیە.

لەمەڕ بنچە و ڕەگەزی یوگاوە چ نازانین، بەلآم مەزنەنەی ئەوە دەکرێ، لە سەردەمی پێش ئاریایی لە هیندستاندا باو بووە و لە شۆڕشەکەی سەدەی شەشەمی پێش لەدایک بونیشدا گیانێکی تازەی کرابێتەوە بە بەردا. یوگا لە ڕەگی «یوگی»یەوە کە بەمانای چەسپان و پەیوند دێت لەگەڵ «یوغ»ی فارسیدا خاوەنی یەک ڕیشەن. یوگا ناوی کرداری ئەو ڕیشەیەیە و بە مانای گرێدان، یەک بوون، پێکەوە لکان و راهێنان دێت. بەپێی تێپەڕینی رۆژگار ئەم وشەیە بووە ناوی گشتی ئەو کردارانەی کەبۆ پاک بونەوەی نەفس و ڕاهاتنی بەکار دەهاتن و چەمکی لاشەیی، جسمی ئەم وشەیە سەرنجی زۆر کەسی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە......

لە تێروانینی هیندیەکانەوە جیاوازی و دژایەتی لە نێوان رۆح و لاشەدا نی‌یە. دەستگرتن بەسەر زەین و بیردا پێویستی بەوە هەیە دەست‌بەسەر لاشەدا بگیرێ و بە پێچەوانەشەوە. یوگا هەوڵدانێکی هەمەلایەنەیە لە پێناوی تێگەیشتن و دەرک کردنی ناوەرۆکی خودێتی و جیهاندا تاوەکو ئەو پەردانە لادرێن کە بونەتە ڕێگر لە بەردەم تیروانینی فیکری مرۆڤدا.

هیندیەکان ڕێگەی یوگایان کردووە بە سێ بەشەوە: ڕێگەی کردار«٨». ڕێگەی زانست «٩». ڕێگەی عەشق «١٠». بنەمای ئەم ڕێرەوە ئاینییە بەندە لەسەر پاککردنەوەی زەین «١١»، ئەو کەسەی بیر و زەینی خۆی ڕانەهێناوە، جیهان لەو دیوی پەردە و شووشەیەکی تاریکەوە دەبینێ. لە مانای پەیوەست کردنیشدا، یوگا سەفەرێکە بەرەو پەرستراو، واتە خوا. یاخود سەفەرە بەرەو خودێتی کە بەرزترین پلەی گەیشتنە بە عەشق و ڕەچەڵەکی خۆناسین. لەم ڕێگەیەدا دەست گرتن بەسەر لاشەدا لە کارە بێویستەکانە، چونکە هەر بزوتنەوەیەکی لاشە کاردەکاتە سەر چالاکیەکانی زەین. هەر لەبەر ئەمەشە سەرەتای یوگا بریتیە لە دانیشتنی ڕاست «١٢» و دەست گرتن بە سەرهەناسەی خۆدا بە شێوەیەکی ڕاست«١٣». بەلآم هەموو ئەمانە کاتێک کاریگەری خۆیان دەبەخشن کە زەین ڕاهێنرابێت. لە هەندێ قوتابخانەی هیندیدا ئەم ریازەت و خۆراهێنانە گەیشتە قۆناغی خۆ ئازاردان و بوداش ئەم ڕێگەیەی گرتەبەر، بەلآم لەبەر ئەوەی زیادەڕۆیی بەلاوە کارێکی بێ مانابوو، ڕێگەی ناوەڕاستی گرتەبەر. یەکەمین وتاریشی بریتی بوو لە خۆبەدوورگرتن لە ریازەتی ئازاراوی. هەر ئەویش بوو یاسای یوگای بردەوە سەر هەمان چوارچێوە و مەبەست و ئامانجی جارانی خۆی.

****

سەردەمی گەنجێتی سیدارتا، بە قۆناغێکی دەوڵەمەندی فیکری و پڕ چالاکی قوتابخانەی بیری هیندیدا تێپەڕی. هۆزە هیندۆ- ئەوروپاییەکان لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا سەروی ئەم وڵاتەیان هێنابووە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و هێندی، هێندی شارستانیەتێکیان پێکەوە نابوو. ئەم ژیارە نوێیە لە لایەکەوە پاڵی دابوو بە یاسای «کاست»«١٤» لە لایەکی کەیشەوە پاڵی

www.arsivakurdi.org

# ڕێگـــای هــەق

ڕەزا عەلەوی
وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی

بەشی یەکەم

## پێشەکیەک لەمەڕ بودایی

ئەدەبیاتی پیرۆزی بودایی بە نێوی (سێ زەمبیل)[1]ـەوە بەناوبانگە. بە یەکەمیان دەگوترێ ( زەمبیلی پەروەردە)[2] و بە دووەمیان دەگوترێ (زەمبیلی سوورەت)[3] و سێیەمیشیان (زەمبیلی شیکردنەوەی ئایین)[4]ی ناوە. زەمبیلی دووەم ناوەڕۆکی ئایینی بودایی‌یە و خاوەنی چەندین لق و پۆپ و بەشی جیاوازە کە یەکێکیان بە «کودکا- نیکایا» ناسراوە. بەناو بانگترین تێکستی ئەم بەشە زنجیرە هۆنراوەیە کە بەناوی «دمماپادا» کە لە ڕۆژگاری کۆنەوە لە نێوان بودایی‌یەکاندا ڕێزێکی زۆری پەیدا کردووە و دراوەتە پاڵ «بودا» خۆی.

بەپێی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە، کە دەدرێنە پاڵ «بودا گوشا» فەیلەسووفی گەورەی بودایی سەدەی پێنجەم (پ.ز)، بریتین لە کۆمەڵێ فەرمان و پەند و ئامۆژگاری کە بودا لە هەل و مەرجی جیاواز جیاوازدا داونی بەسەر پەیڕەوویارانی خۆیدا. لە ڕاستیشدا ئەم کۆمەڵەیە کورتەیەکی هەمە لایەنە لەسەر جیهانبینی و شێوەی بیرکردنەوەی بودایی‌و لە لایەن هەموو قوتابخانەکانی ئەم فەلسەفەیەوە پەسند کراوە.

وشەی دمما «سانسکریت: دارما» وەک وشەی «هەق» لە ئایینی ئیسلامدا وشەیەکی بەرفراوان و پیرۆزە کە هیچ وشەیەکی بێگانە مانا جۆراوجۆرەکانی ئەم وشەیە نادات بەدەستەوە. ئەم وشەیە لە ڕەگی «dhar»ـەوە کە بە مانای هەڵگرتنی کەل و پەل و بارکێشان دێت، لەگەڵ پاشگری «ma» بۆتە ناوی کردار بەو جۆرەش مانای «یاسا» دەگەیەنێت. دارما یاسایەکە ڕەوت و بەرنامەی جیهان پێناسە دەکات... هەر لە سووڕانەوەی شەو و ڕۆژەوە تا دەگاتە یاسای مەرگ و ژیان...... تا بە دیهاتنی ڕزگاری و ڕێگەی یەکسانی و تەبایی نێوان مرۆڤەکان. لەم ڕووەوە دارما بریتی‌یە لە هەق و یەکسانی، و حەقیقەت و سروشتی ڕاستەقینەی هەموو بە دیهاتویەک. دارما هەموو ئەو چەمکانە دەگرێتەوە و بە تەنیاش هیچ کامێکیان نی‌یە.

ئێمە لێرەدا بە چەند مانایەکی جیاواز ئەم وشەیەمان وەرگێڕاوە. بەڵام پێویستە ئاگادرای ئەوە بین لەو شوێنەدا کە لە مەڕ ئایینی بوداوە دەدوێن مەبەستمان هەمان مانا فراوانەکەی «دارما»یە...... هەروەها وشەی «پادا»ش چەند مانایەکی هەیە. مانا بنەڕەتیەکەی واتە «ڕێگا» یاخود مەقام و پلەوپایە، ماناکەی دی بە «وشە» دێت و مانای سێیەمیشی «بەیت»ی شیعرە. بەڵام لێکۆڵەرەوانی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە مانای «ڕێگە» یان بۆ هەڵبژاردووە. بۆیە ئێمەش لە وەرگێڕانی ئەم شیعرانەدا مانای «ڕێگەی هەق»مان هەڵبژارد، ئەگەرچی چەند مانایەکی دیکەشی هەیە.

***

بودایی لە کۆتایی سەدەی شەشەمی بەر لە لەدایکبوونی عیسا، لە سەروی هیندستانەوە سەری هەڵدا و لە ماوەی دووهەزار ساڵدا سەراپای ئاسیای تا سنووری ئێران خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەمەڕ ژیانی بوداوە زانیاری مێژوویی بە دیقەت لەبەر دەستدانیە. ئەوەی کە هەشە پڕە لە ئەفسانە و داستان کە سەرجەمی ئەوانەش میتۆلۆژیای بودایی‌یەکان پێکدەهێنن. هەوڵدانەکانی ئەم دوو سەدەیەی دوایش جگە لە وێنەیەکی گشتی ژیانی بودا، شتێکی ئەوتۆیان نەداوە بەدەستەوە.

ئەمرۆ سەرجەم لەو بڕوایەدان کە «بودا» کەسایەتیەکی مێژوویی‌یە و لەناوڕاستی سەدەی شەشەمی پێش لە دایک بوونی عیسادا «٥٦٣» لە شاری «کپیلاوستو»، لەسەر سنووری هیند و نیپاڵی ئەمرۆ لە دایک بووە. «سودانا»ی باوکی لە میرەکانی «شاکیا» بوو. کابرایەکی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بوە و هەربەو هۆیەشەوە فەرمانڕەوایی دەکرد. دایکیشی ناوی «مایا» و لە بنەماڵەی میرەکانی شاری «کۆلیا»ی دراوسێی شاری «کپیلاوستو» بووە.

دەڵێن «مایا» بە وەچاخ کوێری مابۆوە و «سودانا» و بنەماڵەکەیشی زۆر دڵگران بوون لەوەی کە جێ‌نشینی لەدوا بەجێ نامێنێ. تاکو ئەوە بوو مایا لە تەمەنی «٤٥» ساڵیدا بە شێوەیەکی موجیزاوی سکی پڕ بوو، کەمێک دوای هاتنە دونیای کۆرپەکەی گیانی دەرچوو مرد.

ئەم منداڵەیان ناونا «سیدارتا» و ناوی خێزانیشی کرایە «گوتاما»...... ئەستێرە ناس و غەیبگۆکان گەلێک نیشانەی گەورەیان لە نێوچەوانی ئەم کوڕە خوێندەوە و مژدەیان دا بە باوکی کە کوڕەکە دەبێتە پاشا یاخود دەسەڵاتدارێکی مەزنی جیهانی، یان ڕاهیبێکی پیرۆز، بەڵام چونکە باوکە عەودالی جێ‌نشینێک بوو لەم هاواڵە تەواو دڵگران بوو، لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆری‌دا تا منداڵەکەی بە خۆشی و لەززەتی جیهان چێشتە بکات و ڕای‌بهێنێت؛ کۆشکێکی گەورە و زەبەللاحی بۆ دروستکرد و توانایەکی زۆری بەکارهێنا تا لە بەڵای دونیا بیپارێزێ، کاتێکیش گەیشتە تەمەنی بلۆق بوون شازادەیەکی شۆخ و شەنگی لە خزمەکانی خۆی کردە هاوسەری ژیان. بەڵام ئەم لاوە هەر لە سەرەتاوە نیشانەکانی پەرێشانی پێوە دیاربوون[5]. زۆربەی کات تەنیا بوو حەزی لە ژیانی ئاسایی منداڵانە نەبوو، ڕۆژگاری لەگەڵ مەیتەر و ئەسپە «شێ»کەی، کەتەنیا هاودەمی بوون ڕا



www.arsivakurdi.org

# کورتەیەک لەسەر نەخۆشی ئایدز (AIDS)

نزیک ١٠ ساڵە ئەم نەخۆشی‌یە بۆتە هۆی مردنی سەدان کەس و نەخۆش‌خستنی هەزاران و کۆمەڵێک گیروگرفت لە باری کۆمەڵایەتی لەناو زۆربەیەکی زۆری کۆمەڵانی جیهان و جێگەی سەرەکی گرتوە لەناو دنیای پزیشکی و پشکنیندا.

ئەوەی کە تا ئێستا لە مرۆڤیش روونە ئەوەیە کە هۆی ئەم نەخۆشی‌یە ڤیرۆسێکە کە پی‌ئەلێن (HIV) ئەم نەخۆشی‌یەش بە کەم‌بوونەوەی بەرگری لە ئادەمیزادا ناسراوە. زاناکانیش دەریان خستوە کە ئەم ڤیرۆسە لە مەیمونێکەوە کە پی‌ی ئەلێن مەیمونی سەوز لە ئەفریقادا گەیشتوە بە مرۆڤ. لەسەردەمی سالانی ١٩٥٠وە هەتا سەرەتای ١٩٨٠ زۆر کەس لە ولاتانی ئەفریقا مردون بەبێ ئەوەی کە هۆی مردنیان زانرابێت. یان بە التهابی سیەکان یان بە التهابی ریخۆلەکان لەقەلەم درابون.

ئەوەی راستی ئەمەش دەردەخات بۆمان ئەوەیە کە لەو سەردەمانەدا هەندێک سەروم لەو نەخۆشانە وەرگیران وەلەم سالانەی دواییدا تەماشایان کردون و نەخۆش‌بونیان بە نەخۆشی ئایدزیی پیشان‌داوە.

پێویستە ڤیرۆسی (HIV) تێکەڵ بە خوێنی ئەو مرۆڤە ببێت چونکە ڤیرۆسەکە لە خوێندا لەناو هەندێ خانەی تایبەتیدا کە پێیان دەلێن T-Cell زیاد و نەشونما ئەکات و لە دواییدا دەبێتە بەشێکیش لەو خانانە و وردە وردە زۆربەی زۆری خانەکان ئەگرێتەوە و نەخۆشیان دەخات و لەکار دەکەون کە ئەویش بەرگری‌یە جا بۆیە ئەم نەخۆشانە بەرگریان کەم دەبێتەوە.

لەم رێگایانەوە فیرۆس تێکەل بە خوێنی مرۆڤ دەبێت:

١- رێگای دەرزی: بە گۆرینەوەی دەرزی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە فیرۆسیان وەرگرتوە- بۆ نمونە نارکۆمانەکان (Narkoman).

٢- رێگای اتصالی جنسی: ئەویش یان رێگەی Vagina وەیان رێگەی Anus.

٣- رێگەی خوێن: وەرگرتنی خوێنێک، کە ڤیرۆسی تێدابێت بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی هەندی نەخۆشی یان کاری پزیشکی تر.

٤- دایک بۆمناڵ: لە کاتێکدا کە دایک ڤیرۆسی وەرگرتبێت و سکی هەبێت.

٥- بەکارهێنانی هەندێک پێک‌هاتووی خوێن بۆ مەبەستی چارەسەری هەندێ نەخۆشی وەکو نەخۆشی خوێن پژین- بە مەرجێک ئەو پێک‌هاتوانەی خوێن ڤیرۆسی تێدابێت.

## نیشانەی نەخۆشی AIDS

بەشێک لەو کەسانەی کە HIV وەرئەگرن نەخۆش دەکەون و ماوەی نەخۆشی لەگەڵ وەرگرتنی ڤیرۆسدا زۆر دەگۆرێت و لەوانەیە لە بەینی ١ ساڵ هەتا ١٠ ساڵ بێت. هەندێک لەوانەی کە ڤیرۆس وەردەگرن لەچەند هەفتەیەکدا نەخۆش دەکەون وەکو ئەنفلۆنزا وەدوایی چاک دەبنەوە وەلەوانەیە پاش چەند سالێک توشی نەخۆشی AIDS بنەوە. نەخۆشیەکە لەگەڵ خۆیدا ئەم جۆرە نارەحەتیانە دەهێنێت وەکو:

تایەکی دوور و درێژخایانی قورس. عارەق کردنەوەیەکی زۆر، زۆرجار بەشەو. لاواز بوون و بی‌هێزی. هاتنە خوارەوەی وەزن. ئاوسانی غودە لەمفاوی‌یەکان. التهابات لە سیەکاندا. التهاباتی زۆر قورس بە ریخۆلەکاندا. هەموو جۆرە برینێک لە پێستدا. گۆرینی حاڵەتی نەفسی و روحی نەخۆش.

## خۆپاراســتن

١- دورروەستان لە دەرزی گۆرینەوە لەگەڵ نارکۆماندا.

٢- دورروەستان لە ئیتصالی جنسی لەگەڵ کەسێک کە ڤیرۆسی (HIV) وەرگرتبێت.

٣- بەکارهێنانی کۆندۆم Kondom لەگەڵ کەسانی نەناسراودا.

٤- زیادکردنی زانیاری لە بابەت نەخۆشی‌یەکەوە و پرسیارکردن و وەرگرتنی ئامۆژگاری تایبەتی لە کاتی هەندێک پرسیاری تایبەتیدا.

هیڤ (HIV) لە رێگەی تەوقەکردن و تێکەلاوی کۆمەلایەتیەوە نەقل نابێت. هەروەها لەکەل و پەلی نەخۆشەوە وەکو جێگا چەرچەف، قاپ و قاچاغەوە نەقل نابێت. هەروەها نەقل بونیش لە حەوزی مەلە و مێشولە نابێت.

چارەسەرکردنی

تائێستا نە دەرمانێکی تایبەتی وەنە کوتانێکی تایبەتی بۆ ئەم نەخوشی‌یە نەدۆزراوەتەوە بەلام هەولوتەقەلا بەردەوامە بۆ درێژخایانی ئەم نەخۆشانە و دۆزینەوەی چارەسەریان. بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتی‌دان پێویستی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە.

د. کەمال رەشید

www.arsivakurdi.org

گۆشەی تەندروستی

# ووتەی کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان

خوێنەرانی بەرێز

کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان لە سوێد لە رۆژی دامەزراندنی (٢٨ی گولانی ١٩٨٨) تاکو ئێستا لەگەڵ گەلێک لە رێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستانی پەیوەندی کردوە و لەسەر زۆر بابەت و پرسیار گفتوگۆی کردوە و دەستی هاوکاری درێژ کردوە و درێژ دەکا. هەروەکو لە دەستوری کۆمەڵەماندا دیارکراوە؛ یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمەڵە ئەوەیە کە کوردی دانیشتووی سوێد ئاگادر بکا لەسەر پرسی تەندروستی و نەخۆشی و رێ‌پیشاندەر بێ بۆیان دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشی.

بێ‌گومان کاتێ کە مرۆڤ توشی ئالۆزی‌یەکی سیاسی یان کۆمەلایەتی دەبێت؛ زۆربەی چارکردنی ئەو ئالۆزیە پەیوەندی هەیە بە شارەزایی و چالاکی زانستی مرۆڤەوە. چەند مرۆڤ زیاتر ئاگادار و شارەزایی ئالۆزی یاخود کۆسپی سەر رێگای خۆی‌بێ ئەوەندە زیاتر زاڵ دەبێ بەسەریا و زووتر و ئاسانتر چارەی دەکا. ئەم راستیە بە تەواوی لە بارەی تەندروستیشدا دەچەسپێ. ئەوجار هەرچەند زیاتر زانیاریت هەبێ لەسەر لەشی خۆت و نەخۆشیەکانی زووتر و باشتر چارەسەری دەکەی و لێ‌ی رزگار دەبی.

بە هۆی باری سیاسی و لەشکریەوە لە کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی کوردستان تێدا دابەشکراوە، پرسی تەندروستی لەناو گەلەکەماندا، هەر وەکو هەموو جۆرە بابەتی زانستی، لە پاشەوە ماوە و پێش نەکەوتوە.

گەلەکەمان لەگەڵ ئەوەی توشی درندەترین کارەسات و میتۆدی چەوساندن و لەناوبردن دەبێ بە دەستی دوژمنەکانی بێ بەرییە لە هەموو رەنگە پێشکەوتنێک لە زانستیدا بە تایبەتی دەربارەی پرسی تەندروستی کە هەتاکو زمانی کوردیش لەم بابەتەدا بە هیچ جۆرێ گەشەی پێ‌نەدراوە. لەوما دروستبونی کۆمەڵە پیشەییەکانی تایبەتی لەناو گەلی کورد و، بە شێوەیەکی دیموکراتیک و ئازاد و، لە هەموو جۆرە (اختصاصێک) وەکو پزیشک، (ئەندازیار)، (قانونی)، هونەرمەند، مامۆستا... هتد، ...گەلەک پێویستە و ئێستا وەختیەتی کە پەیدا ببن، بۆ ئەوەی لە خزمەتی شۆرشەکەی گەلی کوردستان بن.

دوای کۆبونەوەیەک لەگەڵ دەستەی نووسەرانی (بەربانگ) ئەندامەکانی کۆمەڵەمان هەر لەم ژمارەوە و بە هەردوو شێوەی (دیالێکتی) کوردی (کرمانجی ژورو و خوارروو) دەست بە بڵاوکردنەوە دەکەن لەسەر باس و پرسی تەندروستی و نەخۆشی. هیواداریین بتوانین بە شێوەکانی (دیالێکتەکانی) کوردی تریش (وەکو فەیلی و دملی) بنووسین و لە لاپەرەکانی بەربانگ دا بۆ خوێنەرە بەرێزەکان بڵاویان بکەین. لە نووسینەکانماندا هەتا پێمان بکرێ لە وشەی لیتراتوری زانستی تەندروستی خۆمان دوور دەکەین و بە زمانێکی سوک و قسەکردنی رۆژانە دەنووسین تا هەموو کوردێک لێ‌ی تێ‌بگا.

بۆ ئەوەی هەلسوکەوتمان لەگەڵ خوینەرانی (بەربانگ) پەیدا ببێ و بەرەوپێش بروا و بەردەوامبێ وا بەباش دەزانین کە (گۆشەیەکی) پرسیاری خوینەران بکەینەوە. هەر کەسێک دەتوانێ بە زمانی خۆی یان وشەی (دیالێکتی) خۆی پرسیارەکانی خۆی بە نامە بۆمان بنێری.

خوێنەران دەتوانن بە نامە لەسەر نەخۆشی و کۆسپی تەندروستی بۆمان بنوسن. ئێمەش بە پێ‌ی زانستی و شارەزایی برادەرانی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان وەلامی پرسیارەکان دەدەین و لە لاپەرەکانی (بەربانگ) دا لە گۆشەی تەندروستی‌دا بڵاوی دەکەینەوە. لەبەر ئەوەی ئیشەکەمان بە تەواوی بروا دەبێ خوێنەر لە نامەکەیدا هەندێک شتی گرنگ لەبیر نەکا (تکایە سەیری بەشی پرسیاری خوێنەران بکە).

کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان
لە سوێد

## بەشی پرسیاری خوێنەران

لە هەموی باشتر ئەوەیە ئەگەر نامەکەت بە زمانی کوردی بنوسیت. بەهەر چی شێوەیک (دیالێکتیک) بێ. بەلأم ئەگەر ئەوەت پێ‌نەکرێ دەتوانی بە هەرچی زمانێکی تر بێ نامەکەت بۆمان بنوسیت.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبێ وەلامی هەبێ لەناو نامەکەدا:

١- ژنی یان پیاو؟ (کوری یان کچ)؟ چەند سالی؟

٢- لە کامە پارچەی کوردستانەوە هاتووی؟

٣- لە کەیەوە نەخۆشی؟ درێژی نەخۆشیەکە؟

٤- نەخۆشیەکان چ نیشانیان هەیە و چۆن دەستی پێ‌کرد؟

٥- کوت و پر نەخۆش کەوتی؟ یان وورده وورده نەخۆشیەکەت دەستی پێ‌کرد؟

٦- نەخۆشیەکەت هەندێک جار کەم دەبێ؟ یان ون دەبێ و دەگەرێتەوە؟ یان هەردەم بەردەوامە؟

٧- هیچ جار چویتە دختۆر؟ ئەو چی کرد و چی گوت؟

٨- کەسی تر لەناو ماڵەکەتاندا یان دراوسێتان ئەو جۆرە نەخۆشی‌یەی هەیە؟

٩- لەوەرپێش هیچ نەخۆشیەکت هەبوە؟

١٠- تێر خەو دەبی بە شەو؟

لە نامەکەت‌دا پێ‌ی ناوێ ناوی راستی خۆت بە تەواوی بنوسیت، ئێمە پرسیارەکانتان وەردەگرین بە هەرچی زمانێک بێ و بە هەرچی ناوێک بێ. پرسیارەکەت لەسەر ئەدرێسی بەربانگ- گۆشەی تەندروستی رەوانە بکە!

www.arsivakurd.org

دەستیان ناوەتە ناودەستی فاشیستان بۆ دامرکاندنەوەی بڵێسەی ئاگری شۆرشی چەوساوان و زەحمەتکێشانی کوردستان. هەڵبەتە ئەگەر هەر شتێک چ بە نووسین یا بە زمان لەلایەن هەر پارتێکی کۆمۆنیستی‌یەوە دەرچووبێت، کە لایەنگری مەسەلەی رەوای میللەتەکەمان بکات، بێ‌گومان ئەوە یەکەم جار دەبێتە مایەی سەربەرزی بۆ خودی ئەو پارتە و دووەمیش گەلی ستەمدیدەی کورد وەفای بۆ هەموو کەسێک و پارتیەک و...... دەبێ کە رۆژێ لە رۆژان بەرگری لێ کردبێ.

پێشکەوتنخواز و دیموکرات و کۆمۆنیستی راستەقینە ئەو مرۆڤەیە کە خەبات بکات و دەردو کەسەری گەلێکی بیست و پێنج ملیۆنی دان پیابنێ و بۆ ئازادی تەواوی ئەو گەلە سەر و گیانی خۆی فیدا بکات...... پێشکەوتنخواز ئەو کەسەیە کە منالانی رەش و رووتی کوردستانی هەر لە بیر و خەیاڵ بێ و هەوڵی یارمەتی دانیان بدات...... پێشکەوتنخواز ئەو کەسەیە زریکەو هاوار و گریان و رۆرۆ و رۆڵە رۆرۆی دایکە جگەرسووتاوەکانی سەراپای کوردستان بیان لەرزێنێ...... پێشەوکتنخواز و دیموکرات ئەوانەن دەبنە پاڵەوان و قارەمانی شارێی خەباتی رزگاریخوازی گەلانی چەوساوەی جیهان...... پێشکەوتنخواز و دیموکرات ئەوانەن بۆمبای کیمیایی و هێرۆشیمای کوردستانیان هەرگیزاو هەرگیز لەیاد نەچێ و پەند و دەرسی لێ وەرگرن...... تاد.

لە کۆتایی دەمەوێ بڵێم بیری نووسینی ئەم چەند دێرانە بە هیچ مەبەستێکی بریندارکەر دانەرێژراون و بەڵکوو تەنیا بۆ راستی و مێژوو نووسراون و بەس.

بە هەموو دڵنیایی‌یەوە گەلی کوردمان هەر رۆژێ دێ بە ئاواتەکانی لە مێژینەی بگاو خاکی کوردستانی رەنگینیش ئاوەدان ببێتەوە و ئالای زەرد و سووری ئازادیش لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان بشەکێتەوە. شاعیری ناسراوی عەرەب (ئەبولقاسم ئەلشابی) دەڵێت:

اذا الشعب یوما اراد الحیاه
فلابد ان یستجیب القدر

# بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی ئوپسالا

ئەگەر چی تاکو ئەمرۆ زمانە ئێرانیەکان لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوێد دەخوێندرا، بەلام ئێستا، بەهەوڵ و تەقەلای دڵسۆزان، خۆش بەختانە توانرا بەشی زمانی کوردیش وەکو بەشێکی سەربەخۆ بکرێتەوە. ئەوەش مایەی شانازی و خۆشحاڵی و خزمەتێکی گەورەی زمان و ئەدەبی گەلەکەمانە، لە رێگای دروست کردنی کادری زانستی‌ی راستەقینەی بە توانا. بە هیوایەکی مەزنیشین لە داهاتوودا، نەک تەنها ئەو بەشە بێت، بەڵکو لق و پۆ داکوتێت و ببێتە مەڵبەندێکی زانستی‌ی گشتی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و سوودی گەلەکەمان.

**بەربانگ**

## کۆرسی زمانی کوردی




وەکو ئاشکرایە، یەکێتی مامۆستایانی کورد کورسێکی زمانی کوردی- دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی)ی لە تێرمی بەهاری رابردوودا کردبۆوە و کۆرسەکە لە خولی یەکەمی‌دا سەرکەوتووانە ئەنجامی وەدەست هێنا- ئێستاش چاوەروانی دەس پێ‌کردنی خولی دووەمی کۆرسەکەین کەوا لەم پایزەدا دەس‌پێ دەکات.

ئەمەش وێنەی بەشدارانی کۆرسی رابردووە.

# پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی و باسێک

مەهاباد کوردی

پێشکەوتن (Progrees) بریتی‌یە لە هەنگاونان و بازدان لە دۆخێک بۆ دۆخێکی چاکتر و بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵگای ئادەمیزاد لە ئاستێک بۆ ئاستێکی بالاْتر لە رووی توانای بەرهەم‌هێنان (پێشکەوتنی ئابووری) و دەسەلاْت‌داری لەسەر سروشت (پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی) و رۆشنبیری و پەیوەندی‌یە مرۆڤایەتی‌یەکان (پێشکەوتنی کۆمەلاْیەتی).

پێشکەوتن کارێکی سروشتی بووە لە مێژووی مرۆڤ‌دا، لە بەر ئەوە وەک – چەمکێکی دیارکراو– نوێیە لەسەر بیروڕای مرۆڤایەتی. چەمکی تازەی پێشکەوتن لەگەڵ بەرپابوونی شۆرشی پیشەسازی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا گەشەی کردوو بە تایبەتی لەکاتی جەنگەکانی رامالینی رژێمی فیوداڵی و دروست‌بوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و سیستەمە سەرمایەداری‌یە تازە پێشکەوتووەکان. بیردۆزی (نەشونماکردن)ی چارلز داروین و تیۆری‌یە سۆشیالیستی‌یەکان، وەکو تیۆری (سۆشیالیستی زانستی)ی کارل مارکس لە کارکەرە سەرەکی‌یەکانی پشت‌گیری کردنی چەمکی پێشکەوتن بوون، هەروەها دانانی لەسەر بناغەیەکی ماددی، کە دەسەلاْتی مرۆڤ بەسەر پێداویستی‌یە سروشتی و کۆمەلاْیەتی‌یەکان دەردەبڕێ و دەگۆڕێت بەبێ گەشەکردنی هێزە بەرهەمی‌یەکان لە کۆمەڵ و نەهێشتنی نەخۆشی و نەزانی و کۆیلایەتی و زۆرداری. هەڵبەتە تیۆری فەلسەفی تریش هەن دەربارەی پێناسەکردنی پێشکەوتن.

پێشکەوتنخوازی (Progressive) باوەرهێنانە بە پێشکەوتن و کارکردنیشە لە پێناوی وەدیهێنانی، چ لە مەیدانی رەوشتی و ئەخلاقی یا کۆمەلاْیەتی‌یەوە. هەروەها تێروانینێکی گەشبینی لە سروشتی مرۆڤایەتی و رێبازی مێژوو دەگرێتەوە. بەکارهێنانی زاراوی پێشکەوتنخوازی بە پێوانەی سیاسی دیاریکردن و دەست نیشان‌کردنی ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە باوەریان بە گۆرانکاری و نوێکردنەوە و پێشخستن و زیاتر بەشداری کردنی جەماوەر لە دروست کردن و بریاردانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەلاْیەتی‌دا، دیسان پارت و بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دەگرێتەوە کە خەبات دەکەن لە پێناوی خۆش گوزەرانی و نەهێشتنی دامەزراوە ناحەزەکان و بنیات‌نانی کۆمەڵگایەک کە رێژەیەکی زیاتر رزگاربوون و داد و دیموکراتی تێدا بلاْوبێتەوە لەوەی کە باوە. پارتە سۆشیالیستی و چەپ و رادیکالەکان بە پارتە پێشکەوتنخوازەکان دەژمێردرێن، بەپێی قوناغەکانی گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا هەن، چونکە خاسیەتی پێشکەوتنخوازی رێژەیی‌یە، واتە پێشکەوتن ئەوەیە کە هەیە و باوە. پێشکەوتنخوازی تەنها سیاسەت ناگرێتەوە، چونکە تێروانینێکی گشتی‌یە و زۆرجاریش لە بوارەکانی پەروەردەدا بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتی لای لایەنگرانی قوتابخانەی رۆسۆ و فرۆبل لە فێرکردنی پێشکەوتنخوازی دا، بە شێوەیەک کە پەروەردەکردنی منالاْن پێک‌دێت لە مەشق‌کردنی منالْ لەسەر گوێ رایەڵی و بەشداربوونی خۆی لە ئەزمونەکاندا (تەجروبە)...... پێشکەوتنخوازی بە تەواوی دژی کۆنەپەرستی‌یە. لام‌وابێ لەم چەند دێرانەی سەرەوە کە باسکران دەتوانین لە مانای پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی بگەین.

ئەوەی راستی بێ زۆر جار لە کۆڕ و دانیشتنی کوردان دا گوێم لە هەندێ برایان گرتووە جا ئەگەر کوردبن یاخود بێگانە بن کە دێنە سەر مەسەلەی رزگاربوونی گەلی چەوساوەی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو و ئازاد و دیموکراتیک بە تەواوی لایەنگری ئەم مەسەلەیە ناکەن، یان ئەگەر نەیانەوێ قسەی دڵی خۆیان بە تەواوی دەرخەن بە پێچ و پەناو کون و کەلەبەرەوە بۆ مەسەلەکە دەچن. هەرچەند ئەمانە خۆیان بە مرۆڤی دیموکرات و پێشکەوتنخواز و سۆشیالیست و نازانم چی و چی لەقەلەم دەدەن. لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە کە تایبەتن بە هەمان مەسەلەی ناوبراو: ئایا رزگاربوونی کورد و دروست بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ بە مانای پێشکەوتن نایەت؟ ئایا ئەوانەی لایەنگری ئەم بیرەن مرۆڤی دیموکرات و پێشکەوتنخواز نین؟ ئایا سەربەخۆ بوونی کوردستان لەبەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە نی‌یە؟ ئایا فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم دانی بە ئازادی و بریاردانی چارەنووسی گەلان نەناوە؟ ئایا......ئایا...... هتد.

بێ‌گومان دەبوایە پارتە کۆمۆنیستی و کرێکاری‌یەکانی ئەو ولاْتانەی کوردستانی دابەشکراویان خراوەتە سەر رۆلێکی بالاْیان هەبوایە لە روون کردنەوەی کێشەی میللەتی کورد و گەیاندنی دەنگی دلێرانەی ئەو گەلە بە گوێچکەی هەموو ئازادیخوازانی جیهان و تێگەیاندنی پارتە کۆمۆنیستی و کرێکاری‌یەکانی دنیا لەم مەسەلەیە و دان‌نان بە سەربەخۆیی تەواوی کوردستان و گەلەکەی، بەلاْم زۆر بە داخەوە کارەکە لە چارەرەشی کورد و نەزانینی ئەو پارتانە بە پێچەوانە بووە و هەندێک لە پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو دەستەی کاربەدەستی بورژوای نەتەوەی سەردەست کوردیان وەک میللەت پەسند نەکردووە و

www.arsivakurd.org

سامی عەبدولرەحمان: باری ئەوان، بە شێوەیەکی گشتی باشترە، مانگی یەکەم و دووەم کە خەڵکێکی زۆر پێکەوە هاتبوون لە چادردا دەژیان بەڵام دوای ئەوە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لە خانوودا دەژین و خواردەمەنیان دەدەنێ و مناڵەکانیشیان، جگە لەوانەی ئۆردوگاکان، دەچنە قوتابخانە، ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان، وەک، خاچی سووری جیهانی کە ڕاستەوخۆ یارمەتی بۆ ناردوون بە هەر شێوەیەک بێ پێیان گەیشتووە. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ وەزعەکە خراپ نییە و بوونی بنکەی حیزبە عێراقیەکانیش لەوێ هەندێ کاروباری خەڵکی ئاسان کردوە بە تایبەتی کە هەندێک لەو خەڵکە پێشمەرگەن و وەک پێشمەرگە یارمەتی لە حیزبەکان وەردەگرن.

**بەربانگ:** لە چاوپێکەوتنێکدا پرۆفیسۆر لازارێڤ وتبووی لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا کوردی عێراق و ئێران هەلێکی باشیان لەدەستدا، دەبوایە لە کوردستانی عێراق و ئێراندا دەوڵەتی سەربەخۆیان دابمەزراندایە. ئایا توانایەکی لەم جۆرە هەبوو؟

**سامی عەبدولرەحمان:** پرۆفیسۆر لازارێڤ مرۆڤێکی زانایە بە تایبەتی لە مەسەلەی کورددا و ئێمە زۆر ڕێز لە بیروڕای ئەو دەگرین و دەتوانین بڵێین دۆستی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردییە، لەبەر ئەوە من خۆم گومانم هەیە کە ئەو قسەیەی بەو جۆرە کردبێ، بەتایبەتی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی. بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە کورد هەلی لەدەست خۆیداوە ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە. ئیحتماڵ ئەوە بوو، باشترین ڕێگا، یەکگرتن بوو، هەوڵدان بوو بۆ دوور خستنەوەی شەڕی عێراق و ئێران و حکومەتیان ناچار بکردایە کە ئیدارە کردنی کوردستان بە شێوەیەکی عەمەلی بداتە دەست ئەوان. ئەمە سەبارەت بە کوردستانی عێراق ئەگەر لایەنەکان یەکگرتوو بونایە و شەڕیان لە کوردستان دووربخستایەتەوە. دەلوا کوردستانی ئێرانیش بەو جۆرە بجوڵێنەوە کە نەهێڵن شەڕی عێراق و ئێران بکەوێتە ناوچەکەیانەوە.

**بەربانگ:** ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ئەورووپا، بۆلای کوردی ئەورووپا. وەک دەزانن کوردێکی زۆر لە ئەورووپادا نیشتەجێن. ئایا ئەمان دەتوانن چی بکەن بۆ پشتگیری و هاوکاری گەلەکەیان لە وڵات؟

**سامی عەبدولرەحمان:** حالی حازر دوو جۆرە خەباتی یەکجار گرنگ لە بەردەم کوردایە، هەردوکیشیان پێکەوە بەستراون. خەباتی ڕاگەیاندنی جیهانی و خەباتی دیبلوماسی جیهانی. بۆ ئەم خەباتە ئەو کوردانەی لە دەرەوەی کوردستانن دەتوانن دەوری گرنگ ببینن. ئەگەر بە یەکگرتوویی و بە پرۆفیشیناڵ و بە بەردەوامی نەک وەک (هاوی) ئیش بکەن و بزانن چۆن کێشەی کورد، کە کێشەیەکی زۆر زۆر ڕەوایە، بۆ جیهان شەرح بکەن. هەوڵ بدەن (لوبی)یەکی کوردی دروست بکەن لە کورد و لە دۆستانی کورد. بۆمان دەرکەوتووە کە توانا هەیە بۆ دەست کردن بە دروستکردنی (لوبی) کوردی لە گشت وڵاتێک. ڕەنگە لەبەر ئەو زوڵم و زۆری لەسەر کورد هەیە لە وڵات ژمارەی کوردی ئەورووپا هەر روو لە زیاد بوون بێ، تا زیاتریش خەڵکی خاوەن خیبرە و تاقیکردنەوەکە زروفی ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی تر بزانێ ڕەنگە باشتر ئەم کارە ئەنجام بدەن.

**بەربانگ:** وەک گوتتان لە ڕێگای ڕاگەیاندن و دیبلۆماسییەوە دەتوانێ کاربکەن. ئەی لە ڕێگای ئابوورییەوە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** ئەگەر باش بیر لە میللەتی خۆیان بکەنەوە، دەتوانن لە ڕێگای ئابوورییەوە زۆر بە باشی یارمەتی بدەن. کاتی جەنگی ڤێتنام، خوێندکاری ڤێتنامی هەبوون لە وڵاتانی سۆسیالیست دەیانخوێند، هەر یەکێک لەوان نیوەی یارمەتیەکەی خۆی تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی خوێندکارێکی تر لە ڤێتنامەوە بتوانێ بێت بۆ خوێندن. کوردی ئەورووپا دەتوانن یارمەتی کۆکەنەوە و ڕەوانەی کەن بۆ ئەو پەنابەرانەی لە تورکیا بە کولەمەرگی دەژین و هەموومان بۆیان دەگرین، بەگریان هیچ ناکرێ. زۆر گیروگرفتی ئابووری هەیە کە بە ئاسانی تەواو نابێ، گیروگرفتی پەنابەران، برینداران، نەخۆشەکان، مناڵان. ئەو کوردانەی کە لە ئەورووپان بە شێوەیەکی گشتی مستەوای ژیانیان لەگەڵ مستەوای ژیانی کوردی وڵات بەراورد ناکرێ. دەبێ ئەمان ئامادەبن.

بڕێک لەو پارەیەی دەستیان دەکەوێ تەرخان بکەن بۆ کوردستان. با کەمێک لە خۆبوردن هەبێ با هەندێ جار لە هەندێ شتدا کەم مەسرەف‌کردن هەبێ و شتێک پاشەکەوت بکرێ بۆ یارمەتی‌دانی میللەتەکەیان لە وڵات. نکوڵی ناکرێ کە جار جارە کاری واکراوە بەڵام بە حەقیقەت بەپێی پێویست نی‌یە و هەندێ جار شایانی باسکردن نییە.

**بەربانگ:** فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد دەساڵە دامەزراوە. وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ لەیەکتر نزیک کردنەوەی کوردەکانی سوێد و نوێنەرایەتی کردنیان بۆ پشتگیری خەباتی کوردستان. ئایا ئێوە ئەم تاقیکردنەوەیە چۆن دەبینن و چ داخوازییەکتان هەیە لە فیدراسیۆن؟

**سامی عەبدولرەحمان:** لە دامەزراندنی فیدراسیۆنەوە تائێستا ئێمە ئاگاداری دەنگوباسی فیدراسیۆن بوین و هەمیشە پشتگیریمان کردوە. یەکێک لە سیفاتی گرنگی ئەم فیدراسیۆنە ئەوەیە کە بۆ هەموو کوردە و ڕێکخراوێکی دیموکراسی‌یە و وەک بزانم هەموو ساڵێک کۆنگرە و هەڵبژاردن هەیە. ئەو ڕێکخراوەی هەموو ساڵێ یان هەردوو ساڵ جارێ بە ئازادی هەڵبژاردن بکا، دیموکراتی لە ناویدا ڕەگ دادەکوتێ و گرنگترین شت ئەوەیە کە ڕێکخراوێکی کوردستانی‌یە کوردی هەموو لایەک بە یەکسانی تیایدا کاردەکەن. ئێمە ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەمان پێ باشە و بەپێی توانای خۆمان پشتگیری‌مان کردوە و دەیکەن.

ئامادەکردنی: دارا ڕەشید
س. ڕێڤینگ
ستۆکهۆلم ١٩٨٩/٧/٣١

www.arsivakurdi.org

بیخوێننەوە...... دەزانم بەربانگ لەسەر ئەم ڕێگایە بەرێوە دەچێ و وەک ئێوەش دەزانن گۆڤاری (پێشەنگ)ی پارتی گەل لەسەر هەمان ڕێگایە.

**بەربانگ:** وەک دەزانن دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی گەلێک کورد لە کوردستانی عێراقەوە خۆیان گەیاندە کوردستانی تورکیا. وەک هەموو دەزانین باری ژیانیان لە ئۆردوگاکاندا زۆر سەختە و تائێستا حکومەتی تورکیا وەک پەنابەری سیاسی قبوڵی نەکردوون و وەک ئێوەش دوێنێ لە سیمینارەکەتاندا گوتتان تورکیا وەک میوانی نابەدڵ تەماشایان دەکا. وەک بەرەی کوردستانی عێراق بۆ سوک کردنی باری شانی ئەو کوردانە تائێستا چی کراوە؟ نیاز هەیە لە داهاتوودا چی بکرێ؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** کاتێ کە حکومەتی تورکیا سنووری خۆی کردەوە و ڕێگای‌دا ئەوانەی کەوتبوونە بەرهێرشی چەکی کیمیایی بڕۆنە ناو خاکی تورکیاوە. گەلێک حکومەت و لایەنی تر پێخۆشحاڵی خۆیان دەربری بەرامبەر ئەو کارەی حکومەتی تورکیا، هەندێ لایەنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردیشی سوپاسنامەی بۆ حکومەتی تورکیا نارد، بەڵام دەردی عەرەب دڵێ (الاحسان بالتمام) ئەگەر چاکەت کرد بە تەواوی بیکە، ئێمە ئەوە نابینین لە تورکیا حاڵی پەنابەران زۆر خراپە و وەک پەنابەریش قبووڵ نەکراون و پێیان دەوترێ میوان و لە ڕاستی‌دا وەک میوانی ئێسک گران تەماشایان دەکەن. هێشتا لە ماردین لەناو چادردا دەژین زستان لە ژێر چادردا بوون و هاوینیش بەو گەرمایە لە ژێر چادردا ڕۆژگار دەبەنە سەر. خۆراکیان کەمە تەنانەت تێر ئاو نین، ڕۆژی دووسەعات ئاویان هەیە کە ناتوانن بە تەواوی بۆ خۆشۆرین و جل شۆرین سوودی لێوەربگرن. نانی ژەهراوییان دەرخوارد دەدەن وەک دەزانن جارێک بە یەکجار سێ هەزار کەس بە هۆی نانی ژەهراوی‌یەوە نەخۆش کەوتن، ئێستا منالانی سێ چوار ساڵانە پێش نان خواردن نانەکە دەکەنەوە و تەماشای دەکەن نەوەک نوختەی زەرد و شینی تێدابێ کە ئەوە نیشانەی ژەهر پێوەکردنە. بە قەناعەتی ئێمە ئەوە دەستی ڕژێمی عێراقی تێدایە.

ئێمە چوینەتە لای ئەو ڕێکخراوە جیهانیانەی بایەخ بەم مەسەلانە دەدەن وەک UNSCR لە جنێف، بۆ لای خاچی سووری جیهانی و خاچی سووری ئەڵمانی و خاچی سووری سوێدی و هەندێ لایەنی تر و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنیشدا باسی ئەم مەسەلەیەمان کردوە. هەندێ لەو ڕێکخراوانە پارەیان ناردووە بەڵام وەک پارە فلسێک نەگەیشتوتە دەستی پەنابەران، ڕەنگە ئەو نان و ساوەر و چادر و بەتانیە دراوانەیان لەبری ئەو پارانە بۆ حساب بکەن. پێویستە ئەو لایەنەی یارمەتی دەنێرێ، نوێنەری خۆی بنێرێ تا ئاگادارین

# هەوڵبدەن (لۆبی) یەکی کوردی دروست بکەن لە کورد و دۆستانی کورد.

لە گەیشتن و چونیەتی دابەشکردنی یارمەتیەکە.

بەرەی کوردستانی وەک بەرە و هەر لایەنێکیش بە تەنیا هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەم گیرگرفتە. دەبێ UNSCR لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بگاتە ئەنجامێک، دەبێ بەپەلە خانوویان بۆ دروست بکرێ، قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە. پەنابەرەکان بە چالاکی خۆیان لەناو خۆیاندا قوتابخانەی کوردیان دامەزراندبوو بۆ منداڵەکانیان بەڵام ڕژێمی تورکیا ئەوەشی لێ قەدەغە کردن. ئەو پەنابەرانە هەموو مرۆڤی شۆڕشگێر و پێشمەرگە و هوشیارن و قبوول ناکەن منالەکانیان نەخوێندەوار بمێننەوە. ئەرکی سەرشانی هەموومانە چ وەک بەرەی کوردستانی یان پارتیە سیاسیەکانی کوردستان یان وەک ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەوروپا کە بە گەرمی هەوڵ بدەین چ ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکانی جیهانەوە یارمەتی ئەو پەنابەرانە بدرێ.

**بەربانگ:** دیارە تورکیا نایەوێ ئەوان تا هەتایە لە تورکیا بمێنن و بن بەبەلا بۆیان. دیارە ولاتانی ئەورووپاش ژمارەیەکی باشیان لێ وەرنەگرتوون. سەرەرای ئەوەش تائێستا ڕژێمی عێراق سێ جار هەوڵی داوە ئەوانە قەناعەت پێ بکا بۆ گەرانەوە بۆ عێراق. ئایا بەرای ئێوە چاکترین چارەسەر بۆ ئەم گیروگرفتە چی‌یە؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** یەکەم دەبێ UNSCR بە ئەرکی سەرشانی خۆ هەستی و چارەسەرێک بۆ ئەو پەنابەرانە بدۆزێتەوە. ئەوانە لەسەر ئاستی جیهانی بەرپرسیارن بەرامبەر بە پەنابەران. دەبێ تورکیاش ڕێزی ئەوانە بگرێ. دیسان چاکتر وایە ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستراليا هەندێک لەو خەڵکە وەک پەنابەر وەربگرن. لەناو ئەواندا نەخۆش و بریندار هەیە کە پێویستیان بە چارەسەر و یارمەتی‌دان و ژیانێکی تایبەتی هەیە. یان ئەوانەی خوێندکار بوون خوێندنگە و زانکۆیان جێهێشتووە ڕێگا بدرێ بەوانە لە دەرەوە خوێندنی خۆیان تەواو بکەن. یان ئەوانەی کەس و کاریان لە یەکێ لەم ولاتانە پەنابەرە ڕێگایان پێبدرێ ئەوانیش بێن. ئێمە ناتوانین داوا بکەین بەیەکجار هەموویان قبووڵ بکرێن بەڵام دەکرێ بەرە بەرە جێی و ڕێیان بۆ پەیدا بکرێ. گەر ئەم ولاتانە هەریەکە ژمارەیەکی مەعقول وەربگرێ تا ڕادەیەکی باش ئەو خەڵکە ڕزگاریان دەبێ. بۆ مەسەلەی گەرانەوە بەرەو عێراق ئێمە کەس هان‌نادەین لەم بارودۆخەدا بگەرێتەوە بۆ عێراق، تا وەزعی ڕژێمی عێراق بەم جۆرەبێ باش نییە کەس بگەرێتەوە، نوێنەری خاچی سووری جیهانی کاتی خۆی قسەیەکی کرد ئێستاش هەر هەمان بارودۆخە ئەو نوێنەرە وتی ئەو بەڵێنانەی حکومەتی عێراق بەس نییە بۆ ئەوەی پەنابەرەکان بگەرێنەوە.

**بەربانگ:** ئایا دەتوانن کەمێک باسی باری ژیان و گوزەرانی ئەو پەنابەرانەش بکەن کە پەنایان بردۆتە بەر ئێران؟

عێراق لەم جۆرەیە کە باستان کرد. ئایا لێرەدا رەخنە لە سۆڤیەت دەگری؟ چونکە پەیوەندی عەسکەری و ئابووری لەگەڵ عێراق هەیە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** ئێمە داوامان نەکردووە نە لە سۆڤیەت و نە لە وڵاتانی تر کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ عێراق بپچڕێنن. ئێمە دەڵێین با بە رژێمی عێراق بڵێن گەر بەردەوام بێ لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ (کوشتن و برین و دەمکوتکردن و دەم پڕ لە خوێن کردنی هەموو عێراقیەک کە داوای کەمترین شت بکات) ئەگەر بەردەوام بێ لەسەر وێرانکردنی گوند و باژێرەکانی کوردستان و راگواستنەوەی کورد، ئەوا ئێمە قەرزت نادەینێ، بازرگانیت لەگەڵ ناکەین، نەوتتان لێناکرین، لە رێکخراوە جیهانیەکاندا تاوانبارتان دەکەین، ئەگەر رەفتاری خۆتان چاک کرد پەیوەندیان دەمینێ بە پێچەوانەوە نا. ئێمە ئەم داخوازییە لە هەموو وڵاتان دەکەین هەر لە بەریتانیاوە تا ئەمریکا و سۆڤیەت و چین و گشت جیهان. ئەمە شتێکی ئاشکرایە، پێش چەند رۆژێک کە بەریتانیا خەریک بوو پەنجا فرۆکەی عەسکەری بفرۆشێ بە عێراق ئێمە لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا کردمان بەهەرا، بە هۆی ئێمەوە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی مەسەلەکەیان باسکرد.

بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردی هەڵوێستی سۆڤیەت هەڵوێستێکی بێ هەڵوێستانە بووە. کاتێ چەکی کیمیایی دژی میللەتێکی ژێردەست و بێچارە بەکار دەهێنرێ چۆن دەبێ مەزنترین وڵاتی سۆسیالیستی بێ دەنگ بێ، ئەم وڵاتە مەزنە سۆسیالیستە دەبوایە پێش هەموو کەس ئەم کارەی تاوانبار بکردایە. بەڵام ئێمە لایەنگری ئەو رایە نین کە دەبێ ئیتر میللەتی کورد دوژمنایەتی سۆڤیەت بکات ئەوە جگە لە زیان هیچی ترمان پێ ناگەیەنێ. بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدرێ کە سۆڤیەت بێ هەڵوێست نەبێ و هەڵوێستی ئیجابی بێ بەرامبەر کورد.

**بەربانگ:** ئێستا بێینە سەر باسی کوردستانی مەزن. ئایا بە گشتی پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنەکانی تری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان لە پارچەکانی تر چۆنە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** لە دامەزراندنی پارتی گەل هەتا ئیمرۆ هەوڵمان داوە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان پەیوەندی باشمان هەبێ. تا رادەیەکی باش لەو هەوڵدانەدا سەرکەوتووین. ئەگەر لە نێوان ئێمە و لایەنێکا، لەبەر هەر هۆیەک پەیوەندی دروست نەبووبێ ئەوا ئێمە هیچ هەڵوێستێکی سەلبیمان بەرامبەریان وەرنەگرتوە.

**بەربانگ:** باشە وەک دەزانن لە کوردستانی تورکیا رێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان بەناوی تەڤگەر بەرەیەکیان دامەزراندوە. وەک پارتی گەل راتان سەبارەت بە تەڤگەر چییە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** رادیۆی پارتی گەل بوو کە یەکەم جار بەیانی دامەزراندنی تەڤگەری بە عەرەبی و کوردی (کرمانجی ژووروو و خواروو) بۆ سێ رۆژ لەسەریەک دووبارە دەکردەوە و بەناوی پارتەکەمانەوە پیرۆزباییمان لە تەڤگەر کرد و ئێستا بەرەی کوردستانی عێراق پەیوەندی باشی لەگەڵ تەڤگەر هەیە و دەخوازین پەیوەندی بەرەی کوردستانی عێراق و تەڤگەر زیاتر بچێتە پێشەوە.

**بەربانگ:** هەندێک جار باسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکرێ. ئایا بە رای ئێوە ئێستا توانا هەیە بۆ بەرەیەکی کوردستانی فراوان، یان بۆ رێکخراوێکی نەتەوەیی فراوان بۆ نموونە وەک رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی، یان بە لایەنی کەمەوە شتێک بکری بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات بەیەک دەنگ نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد بکرێ؟

**سامی عەبدولرەحمان:** کۆپی کردنی شێوازێکی دیارکراو چەند سەرکەوتووبێ لە شوێنێ، تۆ ناتوانێ بە تەواوی کۆپی بکەی بۆ بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی. بەڵام وەک پرنسیپ پرنسیپی (ر.ئا.ف) وەک یەکگرتنی بزوتنەوەیەک راستە دەبێ کوردیش بە شێوەیەکی گشتی لەسەر مەبدەئی یەکگرتن کاربکات. وەک ئێمە لە پارتی گەلدا دەبینین ئیمرۆ لە جاران ئاسانترە کە کۆنگرەی کوردی ئەنجام بدرێ ئینجا ئەو کۆنگرەیە کێ دایمەزرێنێ، چ ئەنجامێکی دەبێ ئەوە بەندە بە چۆنیەتی کۆنگرەکەوە. ئەوەی ئێمە پێشینی دەکەین دامەزراندنی رێکخراوێکە ئەگەر بۆ سەرکردایەتیکردنیش نەبێ ئەوا با بە لایەنی کەمەوە بۆ راوێژکاری بێ بۆ رێ و جێدانان بۆ بزوتنەوەکەمان. رەنگە هەندێ بنکەی دراساتی تەتبیقی لەسەر کورد بۆ مەسەلەی کورد دابمەزرێ، بۆ نموونە ئەم گۆرانکارییەی ئێستا لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە، کاریگەریتی ئەم گۆرانکاریانە لەسەر بزوتنەوەی کوردی، ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، ئێمە هەریەکەی شتێک دەبێژین بەڵام لە ئاستی لێکۆڵینەوە دانییە کە بنکەیەکی زانستی بیکات، گەر کۆنگرەیەکی کوردستانی ئەنجام بدرێ دەتوانرێ زۆر رێکخراوی تایبەتی لێ دروست بکرێ بۆ دراساتی تەتبیقی نەک تەنیا لێکۆڵینەوەی تیووری. رەنگە بتوانێ مەڵبەندێکی راگەیاندن دروست بکات رێکخراوێک دروست بکا بۆ نوێنەرایەتی هەموو بزوتنەوەکەمان لە گشت جیهاندا. بەڵام ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە کە نابێ هەموو ئیشێک دوابخەین تا کۆنگرەی کوردی دەبەسترێ، دەبێ هەوڵ بدەین رێکخستنی کوردستانی دروست بکەین نەک رێکخستنی هەرێمایەتی بۆ نموونە فیدراسیۆن لە سوێد کە کوردی گشت پارچەکانی تیایە و رێکخراوێکی کوردستانییە، یان مەڵبەندی کوردی لە لەندەن..... ئێمە دەبێ پشتی ئەم جۆرە رێکخراوانە بگرین. هەروەها رێکخراوە پیشەییەکان کە بۆ کوردی گشت پارچەکانە. ئێستا زانیومانە کە سەرەتایەک هەیە بۆ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ئەورووپا بۆ کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان. دیسان ئەو گۆڤارانەی لە دەرەوەی وڵات دەردەکرێن بە تایبەتی گۆڤاری ئەم رێکخراوانە دەبێ گۆڤاری گشتی بن و مەسەلەیەکی پراکتیکی و زەروورییە کە دەبێ بە هەردوو شێوە سەرەکیەکە (کرمانجی ژوورو و خواروو) و بە هەردوو جۆرە پیت دەربچن بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی کوردان بتوانن



www.arsivakurd.org

سەبارەت بە کوردستانی عێراق، بە تایبەتی لە دوا کۆنفرانسی پارتیماندا، بە دوور و درێژی روونمان کردۆتەوە کە باوەرمان بە مافی خۆبریاردانی چارەنووس هەیە بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام بۆ لایەنی پراکتیکی و تەبیعی ئەو مافە لەسەر بنچینەی حکومەتێکی فیدرالی دیموکراتی لە عێراقدا دروست ببێ. ئەو حکومەتە لە دوو ئیدارە پێک‌هاتبێ بە رای ئێمە پارسەنگی هێزەکان لەناو خۆ و لە رۆژهەلاتی ناوەراست و لە جیهاندا ئەوەندە تەحەمول دەکا بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش خەباتێکی دوور و درێژمان پێویستە.



**بەربانگ:** ئیمرۆ لەناو کوردا رەشبینی و بێ هیوایی زیاتر بلاوبۆتەوە. ئایا ئێوە دوا رۆژی خەباتی گەلی کورد چۆن دەبینن؟

**سامی عەبدولرەحمان:** من داوا دەکەم لە لاوانی میللەتی کورد کە کەس بێ‌هیوا نەبێ. ئێمە نەتەوەیەکی بیست و پێنج ملیونین، بەڵکوو تا سالی ...۲ ببین بە چل ملیۆن، ناشێ من بێ هیوابم لە مافی ئەم نەتەوەیە.

راستە لە کوردستانی عێراق وەک گوتم هەندێک رۆژی تاریک و ترسناک لەبەر دەمماندایە ئەوە بۆ ئایندەی نزیک. بەڵام بۆ ئایندەی دوورتر هیوادارم و لەو باوەردام کە میللەتی کورد بگاتە مافەکانی خۆی.

**بەربانگ:** ئەگەر ئێستا بە گشتی سەرنجی جیهان بدەین، هەوایەکی دیموکراتی هەیە گفتوگۆی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا، ناتۆ لەگەڵ وارشۆ، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەرنمایەتیەکان لە زۆر شوێن، گۆرانکاریە نوێیەکانی پۆلۆنیا و هەنگاریا و ولاتانی سۆسیالیست. ئایا ئەم هەوا دیموکراسی‌یە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

**سامی عەبدولرەحمان:** پێش هەموو شتێک وەک بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی دەبێ پشتگیری نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی بکەین، پشتگیری نەهێشتنی چەکی کیمیایی بکەین کە دژی کورد بەکارهێنراوە و پشتگیری کەمکردنەوەی هەموو جۆرە چەکێک بکەین لە جیهاندا. هەروەها من خۆم باوەرم بە سۆسیالیزم هەبووە و هەیە. پارتی ئێمە خاوەن بیروباوەری سوسیالیستیە، بەڵام ئەو شتەی کە ئێستا لە ولاتانی سۆسیالیست سەریان هەڵداوە وەک پێروسترۆیکا لە سۆڤیەت، هەڵبژاردن لە پۆلۆنیا و...... ئەو رووداوانەی دوایی چین کە بەر لە دەساڵ دەستیان کرد بە ریفۆرمی ئابووری بەڵام بەبێ بایەخدان بە دیموکراسی‌یەت. ئەمانە هەمووی ئەنجامی کەڵەکەبوونی گیروگرفتی دەیان سالی رابردووە. هەموو یەک شت ئاشکرا دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە دیموکراسی لاواز بووە ئەگەر دیموکراسی هەبوایە، رۆژنامەگەری ئازاد بوایە، پەرلەمان هەبوایە و ئەندامانی پەرلەمان بیتوانیایە بە جورئەت لە حکومەت بپرسێتەوە، گیرگرفت وا زۆر نەدەبووە گەر نیقابەکان بە راستی بەرگریان لە مافی کرێکاران بکردایە رەنگە «سۆلیدارێتی» لە پۆلۆنیا پەیدا نەبوایە. ئەوان دیموکراسییان نەبووە، بە رای ئێمە سوسیالیزم و دیموکراسی دژی یەکتر نین، بەڵکوو یەکتر تەواو دەکەن. دیموکراسی بەری رەنجی سەدان ساڵەی میللەتانە. وەک ئێوەش ئاگادارن لە ولاتانی سەرمایەداری کە دیموکراسی هەیە هەمیشە پارتە چەپەکان نیقابەی کرێکاران و لایەنە ئاشتیخوازەکان سوورن لەسەر داواکردن بۆ فراوانکردنی دیموکراسی و بە پێچەوانەوە لایەنە کۆنەپەرستەکان دەیانەوێ تابتوانن بواری دیموکراسی کەمتر بکەنەوە. بۆ ئەوەی سیستەمی سوسیالیزم بەرەوپێشەوە بروات، رای ئێمە ئەوەیە کە دەبێ دیموکراسی هەبێ.

مرۆڤ تا برسی‌یە داوای نان دەکات، کە تێر بوو داوای خۆراکی مێشک دەکات کە ئەویش پێویستی بە بارودۆخێکی دیموکراسی‌یانەیە ئەمە وەک پێشەکیەک بۆ پرسیارەکەتان. ئێمە هیوادارین و لەو باوەرەداین بزوتنەوەی دیموکراسی‌خوازی کەم یا زۆر درەنگ یا زوو هەر سەردەکەوێ. لە ئەنجامدا ئەو رژێمانەی کە حوکمی کوردستان دەکەن یان دەبێ هەندێک خۆ بگۆرن و بەرەو دیموکراسی بچن یان ئەوەتا بە تەواوی لە جیهان دادەبرێن. بۆیە لەو بروایەدام کاریگەری ئیجابی هەیە بۆ ناوچەکەمان و بۆ کوردستانیش.

پێرۆسترۆیکا کە تائێستا لایەنی ناوخۆ و لایەنی پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی سەرمایەداری گرتۆتە ئەستۆ هیوادارین لەمەودوا بایەخ بدا بە لێکۆلینەوە لە چۆنیەتی پەیوەندی سوڤیەت بە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیەمەوە، کە تائێستا ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە. وەختێ ئەم دیکتاتۆرانە زوڵم و زۆر لە میللەتانی ولاتەکانیان دەکەن دەبێ بەلایەنی کەمەوە راگەیاندنی ولاتانی سۆسیالیستی ئەو شتانە بنووسێ و بیانگەیەنێ بە میللەتەکانیان.

**بەربانگ:** ئایا پەیوەندی سۆڤیەت و

www.arsivakurdi.org

نەهاتوتە گۆرین. ئەو دیکتاتۆریەی پێش جەنگ و کاتی جەنگ ئێستاش بەردەوامە. هەروەها کە ئێستا سەرنجی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی عێراق دەدەین ئەو هێزەی نییە کە حکومەت ناچار بکا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کردن. ئایا ئێوە باوەر دەکەن کە حکومەت لەم هەل و مەرجەدا داوای گفتوگۆ بکا لەگەڵ کورد؟ یان بە چ شێوەیەک حکومەت لەگەڵ بزوتنەوەی کورد دادەنیشێ؟

**سامی عەبدولرەحمان:** لە مێژووی کوردستانی عێراق دا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ حکومەت چوارجار داوای گفتوگۆی کرد لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی. سەرەتای ١٩٦٣، سەرەتای ١٩٦٤، حوزەیرانی ١٩٦٦ و ساڵی ١٩٧٠ لە هەرچوار جارەکەشدا هیچ حکومەتی دیموکراتی لەسەر حوکم نەبوو، هەمیشە پارسەنگی هێز گفتوگۆی بەسەر حکومەتدا فەرز دەکرد حکومەت لاواز دەبوو، کۆدەتا دەکرا، جەماعەتێکی نوێ دەهاتنە سەر حوکم نەیاندەتوانی شەری کورد بکەن، داوای رێکەوتنیان دەکرد. هەمیشەش بزوتنەوەی کوردی ئامادە بووە گفتوگۆ بکا و شەر رابگرێ. ئەگەر ئیمرۆ بەو چوار رێکەوتنەدا بچینەوە من خۆم هەر چواریان بە راست دەزانم.

لە ئیمرۆدا پارسەنگی هێز لە رووی عەسکەرییەوە بەو شێوەیە نییە کە بتوانین شتیان لەسەر فەرز بکەین، بەڵام کاتێ کە رژێمی عێراق باسی دیموکراسی دەکا، تائێستا باسی دیموکراسی کردوە بەڵام یەک هەنگاوی جددی بەرەو دیموکراسی هەڵنەهیناوە، لێرە و لەوێ باسی گفتوگۆی کردوە بەڵام لە رووی پراکتیکەوە تەنیا وەک عەفو دیاریکراوە کەسیش باوەری بە عەفوی سەددام نییە، چونکە ئەو بیست ساڵە هەر عەفو دەردەکا و زیندانەکانیش هەر جمەیان دێ لە نیشتمانپەروەران و دیموکراسیخوازان و خەباتگێران.

کاتێ رژێمی عێراق باسی دیموکراسی و گفتوگۆ دەکات هۆی ئاشکرای هەیە کە هەندێکیان هۆی ناوخۆ و هەندێکیان هی دەرەوەی وڵاتن و هەندێکی تریان هی ناوچەکەن. لەسەر ئاستی دەرەوە، رژێم دەیەوێ گیروگرفتی قەرز و قوڵەی خۆی چارەسەر بکا، بۆ ئەوەش دەیەوێ وێنەی خۆی لەبەرچاوی جیهان رتووش بکا. ئەو وڵاتانەش کە توانای قەرزدانیان هەیە هەردەم باسی لیستەی رەشی مافی مرۆڤ دەکەن لە عێراق. لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا هەندێک سەرەتا پەیدا بووە بۆ وازهێنان لە حوکمی یەک حیزب. وەک تونس و جەزایر و...... لەناوخۆی عێراقیشدا رژێم ئابووری عێراقی بە تەواوی کردوە بە سیستەمی سەرمایەداری، سەرمایەداریش بۆ گەشە کردن و بەرەوپێشەوە چوون لە عێراقدا دەبێ پەیوەندی سروشتی هەبێ بە سەرمایەداریی جیهانەوە کە ئەوەش پێویستی بە بارودۆخی سروشتی و هاتووچۆ و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە.

## دەبێ پشت بە میللەت ببەستین، دەزانین توانای کورد زۆر نییە بەڵام ئەوەندە هەیە کە خەباتێکی مەعقول و پاک و خاوێنی پێ بکرێ.

هەمیشە رژێمی ئابووری سەرمایەداری پێویستی بە رژێمێکی لیبرال هەیە بۆ گەشەکردن.

گەرچی جەنگیش راوەستێنراوە، هێشتا یەک ملیۆن سەرباز لە عێراقدا هەیە. عێراق نەچینە و نەسۆڤیەتە تا یەک ملیۆن سەربازی هەبێ، واتە گەنجی عێراقی هەمووی چەکدارە، ئەوانە دەیانەوێ لەو بارە رزگاریان بێ بڕۆنەوە ماڵی خۆیان خێزان پێکەوە نێن ماڵ دروست کەن ژیانێکی تەبیعی بژین. بە ناوی جەنگەوە لە ساڵانی رابردوودا قوربانیدانی زۆر لە گەلی عێراق داواکراوە، بەڵام ئێستا میللەت دەپرسێ لەبەر چی هەر وابێننەوە.

هەروەها دوای ئەوەی رژێم هەموو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی فرۆشت ئێستا نرخی هەموو شتێ دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندە زیادی کردوە. واتە لەناوخۆشدا فشارێک هەیە کە دەخوازن وەزع بیێتەوە بە تەبیعی.

ژمارەی پێشمەرگە کەمە، بەڵام تائێستاش (.../٢٠٠) دووسەد هەزار سەربازی عێراقی لە کوردستانی عێراقدان. ئەوە مانای ئەوەیە کە مەسەلەی کوردی لە عێراقدا چارەسەر نەکراوە و هەروەها مەسەلەی دیموکراسیش لە عێراقدا چارەسەر نەکراوە. تائێستاش هەنگاوێکی جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە هەڵنەهێنراوە. بەڵام ئەگەر ئیمرۆ ئەوان بێژن ئامادەی گفتوگۆین و کورد یان موعارەزەی عێراقی بڵێ نا، ئەوا رای گشتی جیهان ئێمە لەسەر هەق نابینێ. چونکە وڵاتانی جیهان ئامادەنین لە بارودۆخێکی وادا هیچ بکەن، دەبێژن ئێمە ناتوانین لەشکر بنێرین و رژێمی سەددام بروخێنین بۆتان. بەڵام کاتێ تۆ بڵێی گفتوگۆ دەکەم و بەراستیش ئامادەبیت و ئەو تەنیا بە وتە دەڵێ ئامادەم و بە کردەوە ئامادە نییە ئەو کاتە جیهان ئەو لەسەر هەق نابینێ و تۆ لەسەر هەق دەبینێ.

**بەربانگ:** چەند ساڵێکە دروشمی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە عێراق «دیموکراسی بۆ عێراق ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» ئایا بە لای ئێوەوە تا چ رادەیەک توانا هەیە بۆ هێنانەدی ئەم دروشمە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** هەندێک لە حیزبەکان تا ئیمرۆش ئەم دروشمەیان بەرز کردۆتەوە. هەندێک دروشمێکی تریان هەیە. سەبارەت بە پارتی گەل، ئێمە باوەرمان بە مافی چارەنووس هەیە بۆ هەموو میللەتی کورد. ئەمە مەبدەئە، بۆ دەڵێین باوەرمان بە مافی چارەنووسی فلان میللەت و فلان میللەت هەیە و تەنیا بۆ میللەتی کورد، بۆ میللەتی خۆمان باوەرمان بەو مافە نەبێ. ئەوکاتە مرۆڤ دەبێ بە منافق و کەسیش باوەری پێ ناکا. ئێمە باوەرمان بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس هەیە نەک تەنیا بۆ هەموو میللەتێک بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێک.

www.arsivakurd.org

پەیوەندی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقی بەهێزتر بوو، باشتر یەکتریان ناسی. کاتێ کە دوو سێ مانگ خەریکی کارێکی وا دەبیت و ئەنجامەکە بەو شێوەیە نابێ کە دڵ دەیخوازێ، دەبێ پێشبینی ئەوە نەکرێ جارێکی تر بەم زووانە بۆ هەمان مەبەست دانیشن. ئەوە کاتی پێویستە، بە لایەنی کەمەوە چەند مانگێکی تر بۆ ئەوەی جارێکی تر زەمینەی بۆ خۆشبکرێ. ڕای ئێمە وایە کە دەبێ بە زووترین کات هەوڵ بدرێ ئەو لایەنانە جارێکی تر بە قەناعەتێکی تەواوەوە لەگەڵ یەک دانیشن و گفتوگۆی جدی بکرێ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی عێراقی.

گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ کێشە هەرێمایەتیەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن. لەم ڕوانگەیەوە لایەنە دژ بە یەکەکانی خوارووی ئەفریقا بەیەکەوە دانیشتن وەک ئەنگۆلا و ئەفریقای باشوور و هەروەها کوبا و سائیمبی و...... ئەوانە پێکەوە کەوتنە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوەتا ئێستا باسی سەربەخۆیی نامیبیا دەکرێ و باسی ئەوە دەکرێ جارێکی تر ئەفریقای باشوور لەشکر نەنێرێ بۆ ئەنگۆلاو...... هەروەها لە کەمبۆدیا و ئەفغانستان و گەلێ شوێنی تر...... ئەمە لە جیهاندا هێڵێکی نوێ و سوود بەخشەو نابێ کورد دژی ڕەوتی جیهانی بڕوا.

**کوردی ئەورووپا دەتوانن یارمەتی کۆکەنەوە و رەوانەی بکەن بۆ ئەو پەنابەرانەی لە تورکیا بە کولەمەرگی دەژین و هەموومان بۆیان دەگرین، بە گریان هیچ ناکرێ.**

بە نیسبەت کوردەوە ئێمە بە ناوی بەرەی کوردستانیەوە بەشداری گفتوگۆیەکە بووین، هەر لەبەر ئەوەش دەوری کورد لەوێدا گرنگ و جێی بایەخ بوو، لەو باوەڕەداین کە لە داهاتووشدا هەر بەناوی بەرەوە کاری وا ئەنجام دەدەین بۆ زیاتر خزمەتکردنی بزوتنەوە ئازادیخوازیەکەمان و بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق.

**بەربانگ:** دەگوترێ گفتوگۆکردنیش جۆرێکە لە خەبات، هەروەها دەگوترێ کێشەی کورد بە چەک چارەسەر ناکرێ و هەردەبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا گفتوگۆ بکرێ. ئایا لە هەل و مەرجی ئێمرۆدا، ئەگەر ڕژێمی ئێستای عێراق داوای گفتوگۆیکا، ئێوە وەک پارتی گەل یان وەک بەرەی کوردستانی چ مەرج و چ داخوازییەکتان هەیە؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** بێگومان گفتوگۆ جۆرێکە لە جۆرەکانی خەبات، بە تایبەتی لەم دەمەدا چونکە دەمی گفتوگۆیە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. ئێمرۆ وڵاتە مەزنەکان لەگەڵ وڵاتانی‌تر

مەسەلەی چارەسەرکردن کە دەگوترێ هەر دەبێ بە سیاسی چارەسەر بکرێ، ڕاستە. چونکە چەند خەریکی خەباتی چەکداری بێ کە گەیشتیتە کاتی چارەسەرکردن دەبێ بە سیاسی چارەسەر بکرێ، دەبێ بە گفتوگۆ بگەیتە ئەنجام، خەباتی چەکداری بۆ ئەوەیە داواکاریەکان فەرز بکەیت و لە هەڵوێستێکی بەهێزەوە گفتوگۆی سیاسی بکەی.

لە هەموو گفتوگۆیەکدا، گرنگترین مەسەلە، پارسەنگی هێزە (موازین القوی) ئەمە شت فەرز دەکا. پارسەنگی هێز لە نێوان ئێمە و ڕژێمی عێراقدا لە ساڵی ۱۹۷۰دا ڕێکەوتنامەی ۱۱/ ئازاری فەرز کرد، واتە هێز ئەوەی فەرزکرد نەک بەعسیەکان بە خۆشی خۆیان دەیانویست ئەو ڕێکەوتنامەیە مۆر بکەن.

بۆ ئێستا و گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عێراق، ئێمە دەڵێین هەمیشە ئامادەین بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ بەڵام لە نێوان ئامادەبوون بۆ گفتوگۆ و دانیشتن بۆ گفتوگۆدا ماوەیەک هەیە. دیسان لە نێوان دانیشتن بۆ گفتوگۆ و ڕێکەوتن دا ماوەیەکی تر هەیە. بۆ نموونە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ کردنەکە بە جدی بێ بە ڕای ئێمە دەبێ لە دەرەوەی عێراق بکرێ، لە هەموو شتێ گرنگتر، ئەوەیە کە دەبێ بە ڕەسمی لەگەڵ بەرەی کوردستانی بێ نەک لەگەڵ یەک لایەن یان دوو لایەن. ئەگەر ڕژێم سوور بێ لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ یەک لایەن بەتەنیا یان هەر لایەنێک بە تەنیا، مانای ئەوەیە کە لە سەرەتاوە نیازی خراپە و بۆ تەڵەکە بازییە، لەگەڵ بەرە بێ مانایەکی تری هەیە، هەروەها پێوستە لایەنێکی تری بیانی کە هەردوولا پێی ڕازی بن بەشدار بێ بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە شاهدبێ کێ ویستویەتی ڕێک بکەوێ و کێ نەیویستووە ڕێک بکەوێ. لەگەڵ ئەم شتانە دەبێ لەناو وڵاتدا ئیجرائاتێک بکرێ بۆ ڕاوەستاندنی وێرانکردنی شارەکانی کوردستان و بە کۆمەڵ ڕاگواستنەوە و ئەو زوڵم و زۆرەی لە کورد دەکرێ، کەسێک ناتوانێ بڵێ وێرانکردنی قەلادزە، دەرکردنی فەرماناتی سوڵتانی یان فەرماناتی سەدامی بۆ وێرانکردنی دەرزەنێک لە شارەکانی تری کوردستان مقدماتی ئیجابین بۆ گفتوگۆ، ئەمانە هەموو بارودۆخێکی دژی پرنسیپی گفتوگۆیان خوڵقاندووە.

**بەربانگ:** باشە وەختێ سەرنجی مێژووی گفتوگۆکردن دەدەین، چ لە جیهان بە گشتی و چ لە کوردستان بە تایبەتی ئەوەیە کە حکومەتێکی دیموکرات، یان حکومەتێکی چاکتر دەستەڵات دەگرێتە دەست و داوا لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیون دەکا بێن بۆ گفتوگۆکردن و بە ڕێگای ئاشتی گیروگرفتەکان چارەسەر بکەن. یان ئۆپۆزیسیون بە هێزی خۆی حکومەت ناچار دەکا کە گفتوگۆی لەگەڵ بکا، هەروەها سیاسەتی وڵاتانی تری جیهانیش بەرامبەر ئەو کێشە دیاریکراوە ڕۆڵی خۆی دەبینێ. بەلام لە هەل و مەرجی ئێستادا کە سەرنجی کوردستانی عێراق دەدەین دەبینین مەسعود بارزانی لە سیمینارێکدا لە ستۆکهۆلم، نەوشیروان لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەم گۆڤارە، هەروەها جەلال تاڵەبانی و ئەوا ئێستا ئێوەش لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو دەڵێن کە لایەنگری گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانەن. ڕەوشتی حکومەتی عێراق

www.arsivakurdi.org

کورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازییەکەی زۆر لاواز و کەمە، لەبەر ئەوە یەکێک لەو مەرجانەی دامان نابوو لە ١٩٧٥ەوە تا ئێستاش پشت بە خۆبەستن، پشت بەستن بە توانای میللەتە، ئەگەر هەندێ توانا لەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەت یان هەر بزوتنەوەیەک ئەوە باشە بەڵام نابێ بە هیچ شێوەیەک خۆی ببەستێتەوە بە ناکۆکی نێوان وڵاتانی ناوچەکە. ڕەنگە تا رادەیەک، بۆ هاتوچۆیەک، بۆ پەیداکردنی هەندێ دەرمان و جێگا بۆ بریندار ئەوە مافی هەموو لایەکە بەڵام پشتبەستنی تەواو بەو ناکۆکیانە بە بڕوای ئێمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. دوو خاڵی بنەرەتی سیاسی. ناتوانم بڵێم ئەمانە ئایدۆلۆژین، ئەمانە خاڵی سیاسەتی واقیعی‌یە کە مەسەلەیەکی درێژخایەنە، بە دەستی کەس نییە، کەس ناتوانێ گەڵێ کورتی بکاتەوە. مەسەلەی دووەم ئەوەیە کە پشتبەستنی بنەرەتی بە میللەتی کورد و خودی بزوتنەوەکەی بێ، هەر چەندە ئێمە دەزانین توانای میللەتی کورد زۆر نییە بەڵام ئەوەندە هەیە کە بتوانین خەباتێکی مەعقول، خەباتێکی پاک و خاوێن بکرێ و بەردەوام بین لەسەری.

**بەربانگ:** ئەمڕۆ گەورەترین رەخنە کە ئاراستەی شۆرشی ئەمجارە دەکرێ بەلای ئێمەوە ئەم چەند خاڵەیە:

١- شەڕی براکوژی.

٢- خۆ بەستنەوە بە شەڕی عێراق و ئێرانەوە.

٣- زاڵکردنی خەباتی چەکداری بەسەر خەباتی سیاسی‌دا.

ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم خاڵانە دەکەن؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** ئەم خاڵانە راستن. بە شێوەیەکی گشتی زۆریش راستن.

شەڕی براکوژی، هەر بزوتنەوەیەک تا شەڕی براکوژی لە ناو دابێ ناتوانێ سەرکەوێ و ناتوانێ بەرەو پێشیش بچێ لەو ماوەیەی کە شەڕی براکوژی هەبوو، بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد پێش نەکەوت. پارتی گەڵ ناتوانی، تا رادەیەکی زۆر گەورەش، بە قوربانییەکی زۆر، خۆی لەشەڕی براکوژی پاراست. هەروەها ئێمە خۆمان نەبەستەوە بە سەر ئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران، لەسەر ئەو ڕێگایەش، بێ‌گومان قوربانیمان داوە، بەڵام ئەنجامی باشی ئەو سیاسەتە ئێستا دەردەکەوێ. مەسەلەی زیاتر بایەخ‌دان بە خەباتی چەکداری لەسەر حیسابی خەباتی سیاسی دەڵێین خەباتی چەکداری دژی خەباتی سیاسی نییە، دەبێ بایەخ بە هەردووکیان بدرێ، لەو کاتانەدا کە توانا هەیە بایەخ بدرێ بە خەباتی چەکداری بایەخی پێ بدرێ و خەباتی سیاسیش دەبێ هەمیشە بایەخی پێ‌بدرێ. بە تایبەتی خەبات لەسەر ئاستی راگەیاندنی دەرەوە و خەباتی دیبلوماسی کە پشتگیری بۆ بزوتنەوەکەمان لەناو جیهاندا دروست بکا. چونکە ئیمڕۆ جیهان، لە هەموو کاتێ زیاتر، پشت بە یەکتر دەبەستن. هەندێ کێشەش هەیە کە بەم پلەیە یان بەو پلەیە گشت جیهان بەرگری لێ‌دەکات ئەویش کێشەی مافی مرۆڤە، مەسەلەی دیموکراسی‌یە، هەتا مەسەلەی مافی کلتوری لەلای هەموو جیهان پەسەندە.

**بەربانگ:** ئەوا ساڵێکە بەرەی کوردستانی دامەزرێنراوە بەڵام رای گشتی کورد وایە کە دەبوایە پێش دە دوانزە ساڵ لەمەوبەر یان بەلایەنی کەمەوە لە سەرەتای جەنگی عێراق و ئێرانەوە بەرە دابمەزرێنرایە. رای ئێوە چی‌یە؟ ئێستا باری بەرە چۆنە؟ پاشەڕۆژی بەرە چۆن دەبینن؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** هەر پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ زیاتر لە حیزبێک لە کوردستانی عێراقدا پەیدا بوو. ئێمە ئەوە بە دیاردەیەکی ئاسایی دەبینین، هەروەها زۆر لامان گرنگە کە لە هەر قۆناخێکی بزوتنەوەدا دەبێ بزوتنەوەکە هەر یەکگرتوو بێ. لە ماوەیەکدا لە مێژووی کوردا، لە کوردستانی عێراق لەناو یەک پارتی‌دا توانراوە خەبات بکرێ. کە چەند پارتییەک لەناو بزوتنەوەی کورددا پەیدابوو، ئەبوایە بێ دواکەوتن بەدوای چوارچێوەیەکی نوێدا بگەڕاینایە بۆ یەکگرتن، ئەو چوارچێوەیەش، لەکاتی بوونی زیاتر لەیەک پارتی، بەرەیەکی نیشتمانی‌یە، ئیتر ناوی دەنێی بەرە یان هەر ناوێکی تری لێ‌دەنرێ ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بزوتنەوەکە یەکگرتوو بێ، گرنگ ئەوەیە شێوەی یەکگرتن پراکتیکی بێ و ئەوانەی تیایدا کاردەکەن هەموو لێی رازی بن.

ئەگەر بە ئەدەبیاتی ئێمەدا بچنەوە لە ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ و دواتریش دەبینن پڕە لە بانگەواز بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردی لە کوردستانی عێراق بۆ دروستکردنی یەکبوون، بە هەر شێوەیەک بێ، لە سەرانسەری کوردستاندا. بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراوانی عێراق، بۆ هاوکاری لە نێوان بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەک بزوتنەوەی کوردی و عەرەبی و ئێرانی و تورکیایی.

باری ئێستای بەرەی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی باشە و ئیجابی‌یە و هاوکارییەکی باش هەیە لەناو لایەنەکانی بەرەدا. بەرە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی لە ناو وڵات و لە دەرەوە هەندێ ڕێکخراوی دامەزراندوە و هێشتا بەردەوامە لەسەر دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانەی پێویستن. ئەگەر ئەوی شارەزای مێژووی بەرە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهان بێ بە هەموو پێوانەیەک وەزعی بەرەی کوردستانی وەزعێکی باشە.

ئێمە ئومێدەدارین پاشە رۆژێکی سەرکەوتوو هەبێ بۆ بەرە لە ڕێگای بەرەوپێش بردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی عێراق و بۆ خزمەتکردنی بزوتنەوەکەمان لە سەرانسەری کوردستاندا.

**بەربانگ:** لەمەوبەر بە گەرمی باسی نزیک بوونەوەی دامەزراندنی بەرەی فراوانی عێراقی دەکرا، ئێستا ئەو دەنگە کپ بووە، ئایا هۆی ئەمە چی‌یە؟

**سامی عەبدولڕەحمان:** بە راستی لەم چەند مانگەی پێشوودا خەڵک بە جدی هەوڵیان‌دا بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی عێراقی، هەموو لایەنەکانی موعارەزەی عێراقی تیایدا بەشدار بوو بوون، بۆ یەکەمین جارە کە هەموو پێکەوە دانیشتن...... کاروبار زۆر چووە پێشەوە نزیکی ئەوە بوو بەڵگە و بڕیارنامەکان ئیمزا بکەین، بەڵام بە داخەوە لایەنێکی گرنگی موعارەزە لەدوا کاتدا خۆی کێشایەوە، بەڵام دیسان ئەو هەوڵدانە بێ بەرهەم نەبوو،

www.arsivakurdi.org

سەرچاوەیەکی ژیانیان بۆ مسۆگەر بکەن. ئەو خەڵکەش کە بە ئاشکرا دژی ئەم راگواستنەوەیە راوەستابوون و خەڵکی تریان هان دەدا بۆ دژایەتی کردن، ئەوانە تائێستا بێ سەروشوێنن.

وەختێ رژێمی عێراق بینی لە جیهاندا رەد فیعلێکی بە هێز نی‌یە دژی ئەم تاوانە. هەستان لە ٢٦/ حوزەیران بریارێکیان دەرکرد کە شارەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێران بە قولایی ٣٠ کیلۆمێتر چۆڵ بکەن، گوایە ئەمە ناوچە عەرەبیەکانیش دەگرێتەوە. شارەکانی کورد بە قولایی سی کیلۆمێتر نەماون، هەموو چۆڵکراون قەلادزە دوا شار بوو وەک چوارتا، پێنجوین. تەنیا رەنگە خانەقین مابێ، ئەویش سەدی هەشتای کوردەکەی لێدەرکراوە و عەرەب هێنراوەتە ناوی، بەلام شارەکانی عەرەب وەک بەسرە و فاو دوای وێرانکردنیان بە هۆی جەنگەوە سەدان هەزار خەڵکی عێراقی دەبران بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو دووشارە. لەبەر ئەوە راست نی‌یە کە ئەو بڕیارە عەرەبیش دەگرێتەوە، هەرچەندە ئێمە دژی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی بەسرە و فاو نین، بە پێچەوانەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەموو ئەو شوێنانەی شوێنەواری جەنگی عێراق و ئێران و شوێنەواری جەنگی شۆڤێنی دژی کوردیان پێوەدیارە دەبێ هەموو پێکەوە سەرلەنوێ ئاوەدان بکرێنەوە. گەر تەماشای سی کیلۆمێتر بکەی لە سنووری تورکیاوە دەبینی دە دوانزە شاری دێرینی کوردی بەردەکەون لەگەڵ دە دوانزە ئۆردوگای زۆرەملی وەک زاخۆ، رزگاری، باتوفە، سەرسەنگ، ئامێدی، دیانا، خەلیفان و رەواندوز هەندێ شار کە لە سنووریش دوورن وەک کۆیە، خەڵکی ئەو شارەش ئاگادار کراون کە شارەکە چۆڵ دەکرێ.

پیلانی رژێمی عێراق ئەوەیە کورد لە سێ شاردا کۆبکاتەوە، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک. بۆ ئەوەی دەست بگرێ بەسەر کورددا بۆ ئەوەی کورد دابڕێ لە کەلەپووری خۆی. ئەمە تاوانێکی مەزنە دەرهەقی کورد ئەنجام دەدرێ لەم چەرخەدا. رژێمی سەدام دەیەوێ کورد بکا بە کۆیلەی ئەم سەدەیە و سەدەی ئایندە. مەترسیەکی زۆر هەیە لەسەر کۆبونەوەی سێ ملیۆن کورد لەو سێ شارەدا. ئیحتمال زۆر هەیە خەڵک بەرهەڵستی بکەن، دژی رژێم کاربکەن، چونکە لە بەرامبەر ئەو هەموو دەست درێژییەدا لەلای خەڵک رەدفیعل دروست دەبێ وەختی رەدفیعل دروست ببێ پێمان وایە ئەو رژێمە سڵ لە هیچ شتێک ناکا، لە بەکارهێنانی هیچ چەکێک دژی ئەو جەماوەرە سڵ ناکا. لێرەوە مەترسی گەورە هەیە بۆسەر میللەتەکەمان و دەبێ میللەتی کورد ئاگادار بێ و کوردی ئەورووپا ئەو مەترسیە روون بکاتەوە بۆ رای جیهانی و بۆ دۆستانی کورد و بۆ حکومەتەکان و رێکخراوە جیهانیەکان و رێکخراوە مرۆڤایەتیەکان.

**بەربانگ:** پێشی راوەستاندنی جەنگی عێراق و ئێران، بە ماوەیەکی درێژ پێش‌بینی دەکرا کە رۆژێ لە رۆژان ئەو دوو دەوڵەتە بەهەر جۆرێک بێ هەر رێک‌دەکەون و لەو ناوەدا هەر کوردی تیا دەچێ! ئایا بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی عێراقدا چ حسابێکی بۆ ئەو پێش‌بینی‌یە کردبوو یان بە بۆچوونی ئێوە دەبوایە چی بکردایە؟

**سامی عەبدولرەحمان:** حاڵەتی جەنگ لە نێوان ولاتاندا حاڵەتێکی کاتی‌یە و نائاسایی‌یە چەند درێژ بێ، حاڵەتی سروشتی لە نێوان ولاتاندا، بە تایبەتی ولاتانی دراوسێ، ئەگەر رقیشیان لەیەکتری بێ حاڵەتی ئاشتی و پەیوەندی دیبلوماسی‌یە. لەم چەرخەدا دوو جەنگی گەورە بووە، جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی. یەکەم چوار ساڵی خایاند و دووەم شەش ساڵ. جەنگی عێراق و ئێران لە هەریەکێکیان درێژتر بوو، قابیل نییە جەنگێک هەتا هەتایە هەر بەردەوام بێ. لە یەکەم رۆژی جەنگەوە دەبوایە هەموو کەس بزانێ کە ئەو جەنگە کۆتایی هەیە. ئەوەی زۆر پێویستە لەسەر میللەتی کورد، لە هیچ کاتێکدا، چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەم جەنگەوە نەبەستێتەوە. ئێمە لە پارتی گەل هیچ خۆمان بەو جەنگەوە نەبەستبۆوە و جەماهیری میللەتی کورد ئەو مەسەلەیە چاک دەزانێ. ئیحتماله لە مەسەلەی جەنگی عێراق و ئێراندا هەل لە دەست درابێ، لە کاتێکا کە ئیمکان بوو ولاتانی جیهان موافقەت بکەن لەسەر لابردنی سەدام بەلام لایەنی بەرامبەر بەرێک و پێکی لەو مەسەلەیەدا نەجولایەوە.

نیسبەت بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەڵەی گەورە ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کاتی جەنگدا، یەکگرتوو نەبوو ئەوەش ئاشکرای دەکات کە مەسەلەی یەکێتی چەند گرنگە. چ لە کاتی جەنگدا چ لە کاتی نەبوونی جەنگدا. ئەبوایە زوو بزوتنەوەی کوردی خۆی کۆبکردایەتەوە و یەکێتی دروست بکردایە، ئەگەر یەکگرتوو بوایە دەیتوانی گەلێک لە مەرجەکانی خۆی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێ، بەلایەنی کەمەوە تا تەواو بوونی ئەو جەنگە.

**بەربانگ:** لە ماوەی پانزە ساڵی رابردوودا دوو هەرەسی گەورە بەسەر شۆرشی کورددا هاتووە ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی پێویستمان بە پێداچوونەوەیەکی وردوو قووڵ و دارشتنی ستراتیژییەکی نوێ و گۆرانکارییەکی بنەرەتی هەیە لە شێوەی خەباتکردندا. ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

**سامی عەبدولرەحمان:** ئەو پێداچوونەوەیەی کە ئێوە باسی دەکەن، ئێمە پاش ١٩٧٥ دەستمان پێکرد و دراسەتێکی باشی ئەو هەرەسە و هۆیەکانی و ئەنجامەکانیمان کرد و هەندێ بناغەی نوێمان دەستنیشان کرد و بەش بە حاڵی خۆمان لە «قیادەی موقت»دا لە سەری دەرۆیشتین، کە «پارتی گەل»مان دامەزراند بەردەوام بووین لەسەری. یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە کە دەبێ بزانین بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی درێژخایەنە و زروفی بابەتی دروست نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم سالانەی کە ئێمەی تیادایین یان لە داهاتوویەکی نزیک‌دا. لەبەر ئەوە ئەوی پەلە بکا لە دروستکردنی خانووی کوردی‌دا بە باوەری ئێمە خانوەکە بەسەر خۆی و میللەتدا دەرمێ. مەسەلەی درێژخایەنی ئێستاش لە ئارادایە لەبەر ئەوە دەبێ بە گوێرەی زروف و بە گوێرەی توانای میللەتی کورد مرۆڤ بەردەوام بێ لە خەباتکردندا. خاڵی دووەم، ئێمە دەزانین لە رووی جیهانیەوە پشتگیری کردنی میللەتی

www.arsivakurd.org

# چاوپێکەوتن لەگەڵ خەباتگێر سامی عەبدولرەحمان



بەرێز سامی عەبدولرەحمان سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بە سەردانێکی چەند رۆژی هاتبوو بۆ ستۆکهۆڵم. بە سەرپەرشتی فیدراسیۆن لە رۆژی ١٩٨٩/٧/٣٠دا سیمینارێکی لەسەر باری ئیمرۆی کوردستانی عێراق پێشکەشکرد... ئێمەش وامان بە چاک زانی راستەوخۆ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەین و لەسەر هەمان بابەت چەند پرسیارێکی لێبکەین و وەڵامەکانی بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەربانگ.

شایانی باسە کە لە ژمارەکانی رابوردودا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ شەهید د. قاسملو، بەرێزان مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا کردبوو.

بەربانگ

بەربانگ: کاک سامی عەبدولرەحمان بەناوی دەستەی نووسەرانی بەربانگەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین و زۆر سوپاستان دەکەین کە ئامادەبوون بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. ئەگەر بتوانن تکامان وایە بە کورتی باسی باری ئیمرۆی کوردستانی عێراق بکەن بۆ خوێنەرانی بەربانگ.

سامی عەبدولرەحمان: زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەم دەرەفەتەتان سازکرد بیروڕای خۆمان بۆ خوێنەرانی بەربانگ دەربڕین، کە یەکێکە لە گۆڤارە هەرە سەرکەوتووەکان.

باری ئێستای کوردستانی عێراق بارێکی زۆر نالەبارە، زۆر پڕمەترسی‌یە، ئەوەی ئێمە دەیبینین، هەندێک رۆژی تاریک لە بەردەم کوردستانی عێراقدایە. وەک دەزانن رژێمی عێراق لە کۆتایی ١٩٨٨دا تەواوی لادێی کوردستانی عێراقی وێران و تەخت کردبوو، ٤٠٠٠ چوار هەزار گوند سوتێنرابوو، خەڵکەکەی دەربەدەر کرابوو، زۆری خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان کە کەوتنە دەست رژێم، بە دیل لە قەڵەم دران و وەک دیل رەفتاریان لەگەڵ کرا، ئینجا لەم بەهارەوە دەستیان بە قۆناخێکی تر کرد بۆ لەناوبردنی میللەتەکەمان، قوناخی وێرانکردنی شارەکان و بە زۆر کۆچ پێکردنی دانیشتوانی ئەو شارانە. دەستیان کرد بە راگواستنەوەی خەڵکی شاری قەڵادزە کە (١٠٠/٠٠٠) سەد هەزار کەسی تێدابوو دیسان ئۆردوگا زۆرەملیەکانی دەوروپشتی قەڵادزە کە پتر لە (٥٠/٠٠٠) پەنجا هەزار کەسیان تیادا بوو ئەم خەڵکە بە زەبری تفەنگ راگوێزرانەوە و فرێدرانە دەوروپشتی سلێمانی و هەولێر بێ ئەوەی خانوویان بدەنێ یان هیچ

www.zmanakurdi.org

# کۆچی دوایی خەباتگێر عیسمەتی سەیدا

## سکرتیری گشتی پارتی چەپی کورد لە سوریا

رۆژی ١٩٨٩/٩/٦ لە کوردستانی سوریا ، دوای ماوەیەک نەخوشی خەباتگێر عیسمەتی سەیدا ماڵئاوایی لە گەلەکەمان کرد.
هەڤاڵ عیسمەت ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی تربەسپی سەر بە قامیشلی لە دایک بووە .پەروەردەی خیزانیکی نیشتمانپەروەرو ئەدەبدۆست بوو. لەسەرەتای لاویتییەوە هەستی بەبەشخوراوی و ژێردەستەیی میللەتەکەی کردووە، هێشتا تەمەنی پانزە ساڵان بوو کە چووە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا( ئەو دەمە لە کوردستانی سوریادا تەنیا ئەو پارتییە هەبوو). تا ساڵی ١٩٦٥ لە لیژنەی ناوچەی عامودا وەک ئەندامیکی چالاک بەردەوام بووە لە خەباتکردندا و بە گەرمی پشتگیریی لە شورشی کوردستانی عیراق کردووە. هەر لەو ساڵەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا بوو بە دوو پارچەوە ، پارتي دیموکراتی کورد لە سوریا و پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا /چەپ . عیسمەتی سەیدا پارتی دووەمی هەلبژارد و وەک کادریکی لیهاتوو کاریکردووە.
ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنگرەی دووەمدا هەلبژیردراوە بۆ ئەندامیتی کۆمیتەی ناوەندی .
ساڵی ١٩٧٣ لە کۆنگرەی سێهەمدا ناوی پارتییەکە بوو بە پارتی دیموکراتی چەپی کورد لە سوریا و مەبدەئی مارکسیزمی لینینزمی خستە پرۆگرامی خۆیەوەو عیسمەت سەیدا هەلبژێردرا بو ئەندامیتی مەکتەبی سیاسی .
لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧١ هەڤاڵ عیسمەت سێ جار چووە بو کوردستانی عیراق بو پشتگیریی دەربرین لەگەڵ شورشی کورد.
لە ساڵی ١٩٧٥ دا جارێکی تر ناوی پارتی گۆڕا و بوو بە (پارتی چەپی کورد لە سوریا)و خەباتگێر عیسمەت سەیدا بوو بە سکرتێری گشتی پارتییەکە و تا دوا هەناسەی بێوچان هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ خەباتکردن .
ساڵی ١٩٨٦ لە دامەزراندنی ( هەڤکاری دیموکراتی کوردی سوریا )دا هەڤاڵ عیسمەت دەورێکی گرنگی بینی .
شان بەشانی خەباتی رامیاری ، هەڤاڵ عیسمەت شاعیرێکی لێهاتوو بوو شیعرەکانی رەنگدانەوەی ئەو واقیعە سەخت و تاڵەیە کە ئەوپارچەیەی ولاتە پارچەپارچە کراوەکەمان بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

# پێشبڕکێی فۆلکلۆری ساڵی ١٩٨٩

لە ١٩٨٩/١٢/٢٣دا به سەرپەرشتی فیدراسیۆن ، لە سوێد پێشبرکێی فولکلۆری کوردی ساز دەکرێ
تکامان وایە ئەو تیپە فۆلکلۆرییانەی دەیانەوێ بەشداربن پێش ١٩٨٩/١٢/١ پەیوەندی بە فیدراسیۆنەوە بکەن و ئەم زانیارییانە پێشکەش بکەن .

١- ناوی تیپ .
٢- ژمارەی ئەندامان ( چەند کوڕ ،چەند کچ ) .
٣- هەڵپەڕکێ ی چ ناوچەیەک پێشکەش دەکەن .
٤- ناوی جۆری هەڵپەڕکێ .
٥- ناوی بەرپرسیاری تیپ/ ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن .

جــــۆری خەلاتەکان
*************

| | | |
|---|---|---|
| خەلاتی یەکەم | ٥... | پێنج هەزار کرۆن . |
| خەلاتی دووەم | ٣... | سێ هەزار کرۆن . |
| خەلاتی سێیەم | ١... | یەک هەزار کرۆن . |

شوێن ـ SOLNA HALLEN
( T. SOLNA CENTRUM)
کات ١٩٨٩/١٢/٢٣ کاتژمێر / ١٥ .

www.arsivakurdi.org

# هەفتەی کوردستان

# و

# یادی دەساڵەی دامەزراندنی فیدراسیۆن

بە سەرپەرشتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید و بە هاوکاری کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کوردان لە رۆژانی ٢٧، ٢٨، ٢٩/ ١/ ١٩٨٩ بە بۆنەی دەساڵەی دامەزراندنی فیدراسیۆنەوە چەند چالاکییەک بەناوی هەفتەی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێ .
هاتن بۆ هەموانە .

هەندێ لە چالاکییەکان

---

* پەنێلێک لەسەر باری کوردستان و پشتگیریکردنی خەباتی کورد لە دەرەوەی وڵات ( لەلایەن کۆمیتەی سویدییەوە بۆ مافی کوردان) .

* سیمینارێک لەسەر باری کورد پێشکەشکردنی د.عیسمەت شەریف وانلی .

* پێشانگای گۆڤارو رۆژنامە و کتێبی کوردی .

* پێشانگای وێنە .

* مۆسیقار فۆلکلۆری کوردی .

* دیاپیلد(سلاید) و ڤیلم .

شوێن . مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی . ستۆکهۆلم
رۆژانی . ٢٧، ٢٨، ٢٩/ ١/ ١٩٨٩

چاوپێکەوتن لەگەڵ خەباتگێر
سامی عەبدولڕەحمان

# بەربانگ

ژمارە ٦٠ | گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد | ساڵ «٨»

